پێشڕەو
کرێکارانی جیهان یەکگرن!
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)
دەورەی دووهەم– ژمارە۴۳۳–نیوەی دووهەم گەلاوێژ ۱۴۰۲ -august2023

# شۆڕشی ژینا، دەسکەوتەکان و ئاسۆ (۳)




- بەشی سێهەم و کۆتایی وتووێژی ئایدیا دیپلۆماتیک لەگەڵ هاوڕێ برایم عەلیزادە ۳
- پێویستییەکانی بەردەوامبوونی ڕێبازی شۆڕش کامانەن؟ ۴
- شێرکۆ بێکەس، ڕەهەندەکانی جوگرافیای وشە و زمان و خەیاڵی بەرینتر کرد ۵
- ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە کوشتنی کۆڵبەران لە کوردستان ۷
- ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی مەریوان ۷




کۆڵبەریی، پەڵەیەکی ڕەشە بە ناوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە

۸




لاوانی ئێران، هەم ڕەنج و بێبەشی، هەم خەبات و خۆڕاگریی

۸

## سەروتار

### ۲۸ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی هێرشی ڕژیم بۆ سەر کوردستان، ڕۆڵی کۆمەڵە و ئەزموونەکانی

ساڵڕۆژی هێرشی ساڵی ۱۳۵۸ی ڕژیم بۆ سەر کوردستان لە کاتێکدایە کە لە سەروبەندی ساڵیادی دەستپێکی شۆڕشی ژینادایین. شۆڕشێک کە چەخماخەکەی لە کوردستانەوە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لێدرا. شۆڕشێک کە وەبیرهێنەرەوەی خۆڕاگرییەکی سەرفەرازانەیە کە ٤٤ ساڵ لەمەوبەر لە کوردستانی شۆڕشگێڕ دەستی پێکرد و شانازییەکی مێژوویی و دەستکەوتگەلێکی حاشا هەڵنەگری لەبەرامبەر بە یەکێک لە کۆنەپەرست ترین و سەرکوتگەرترین دەسەڵاتەکانی ئەم سەردەمەی بۆ خەڵکی کوردستان بەدیاری هێنا. بەڵام هێرش بۆسەر کوردستان لە ۲۸ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۵۸ ڕووداوێکی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو نەبوو. لە ڕاستیدا ئەو هێرشە بەشێک بوو لە پرۆسەی سەرکوتکردنی شۆڕشی ئێران. ئەم سیاسەتە نەک لە ۲۸ی گەلاوێژەوە، بەڵکوو لە هەمان ڕۆژەکانی دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕەوتی کۆنەپەرستی ئیسلامییەوە خرایە کارنامەی کاریانەوە. لە کۆتاییەکانی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ۱۳۵۷ و سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ساڵی ۱۳۵۸، لە شارەکانی مەهاباد و سنە، بە فەرمانی فەرماندەی پادگانەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، خەڵک ئاگرباران کران. لە شاری مەهاباد ۲۰ کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆ کوژران و لە شاری سنەش نزیکەی ۲۰۰ کەس بەهۆی تۆپبارانەوە گیانیان لەدەستدا

درێژە لە لاپەڕەی ۲

پێشڕەو

دەورەی دووهەم- ژمارە٤٣٣-نیوەی دووهەم گەلاوێژ ١٤٠٢

## درێژە ی : (سەروتار)

# ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی هێرشی ڕژیم بۆ سەر کوردستان، ڕۆڵی کۆمەڵە و ئەزموونەکانی

جگە لەوەش هەر لەو قۆناغەدا ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو توانی بەشێک لە کۆنەپەرستانی خۆجێیی لەگەڵ خۆیدا هاوڕا بکات. چەکدارکردنی فیئۆداڵ و عەشیرەتەکان و ڕێکخستنیان لە ڕێکخراوێکی کۆنەپەرستانەدا بە ناوی «شۆڕای عەشایری کوردستان» و بەهێزکردنی ڕەوتی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتی ئەحمەدی موفتیزادە لە سنە، لە زومرەی ئەو ڕێوشوێنانە بوون. لە ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ لە شاری نەقدە شەڕی نێوان دانیشتووانی تورک و کوردیان وەڕێخست و پاسدارەکانی ژێر فەرمانی مەلا حەسنی کۆنەپەرستیان بەمەبەستی کوشتن و تاڵانکردنی موڵک و ماڵی خەڵک ڕەوانەی ئەو شارە کرد.

جگە لەوەش پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕ تەقەیان لە خەڵکی شاری مەریوان کرد و بەهۆیەوە ٢٤ کەس گیانیان لەدەستدا و ٤٠ کەسیش بریندار بوون. لە شاری سنەش، لە ئەنجامی تەقەی پاسدارانی جێگیر لەو شارە، چەندین کەس گیانیان لەدەستدا. کاردانەوەی کۆمەڵە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بەرامبەر بەم هەڵسوکەوتانە لێبڕاوانە و شۆڕشگێڕانە و جەماوەریی بوو. خەڵکی کوردستان ڕیفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوە بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی لە ئێرانیان بایکۆت کرد. ڕووداوەکانی وەک مانگرتنی یەک مانگە لە شاری سنە بۆ وەدەرنانی پاسداران لەو شارە، کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان بۆ هەمان مەبەست، ڕێپێوانێکی شکۆدار لە سنە و شارەکانی دیکەی کوردستانەوە بەرەو مەریوان و چەندین چالاکیی دیکەی لەم چەشنە هەر لەو سەردەمەدا ڕوویاندا. کۆمەڵە کە لەشکرکێشی بەربڵاوی ڕژیمی بە ئەگەرێکی حەتمی دەزانی، هەوڵی دەدا خەڵکی کوردستان بۆ خۆڕاگریی و بەرخۆدانێکی درێژخایەن و چارەنووسسازتر ئامادە بکات.

ڕەوتی ئیسلامی کە بۆ ماوەی چەند سەد ساڵ وەک دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا هەڵسوکەوتی دەکرد، لەو قۆناغەدا هەم لە سەرچاوەی دەوڵەمەندی دارایی، هەم لە شەبەکەی مزگەوت و مەلاکان لە سەرتاسەری وڵات، کە وەک ڕێکخراوێکی سەرتاسەریی خاوەن ڕێبەرییەکی یەکدەست چالاکییان دەکرد، لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی شا، خۆی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی ئێران ئامادە کرد.

لەو ڕووەوە کە ئەرتەش بێلایەنی خۆی ڕاگەیاندبوو، ئەم ڕەوتە دەستی بەسەر هەموو دامودەزگا و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی شادا گرت و ئەوانەشی کە لە ئەنجامی شۆڕشدا تێکشکابوون، بە خێرایی نوێکردەوە. نە لیبراڵەکانی لایەنگری ڕۆژئاوا کە خۆیان لە ڕێکخراوەکانی سەر بە «بەرەی نیشتمانی»دا ڕێکخستبوو، توانییان متمانەی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسی نفووزی یەکێتی سۆڤیەت بەدەستبهێنن و نە هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانیش بەهۆکاری جۆراوجۆر دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە هێز و پۆتانسێلە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان ڕێکبخەن. تەنیا لە کوردستان بوو کە ئەم پرۆسەیە بەپێی پلانی ڕەوتی ئیسلامی نەچووە پێشەوە و کوردستان چارەنووسێکی جیاوازی پەیدا کرد.

پێش لە هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ بۆسەر کوردستان، خوێندکاران لە زانکۆکان سەرکوت کران. بزووتنەوەی تورکەمەن سەحرا غەڵتانی خوێن کرا. ناڕەزایەتییەکانی خوزستان زۆر زوو خامۆش کرا و کرێکارانی بەندەر ئەنزەلی و ئیسفەهان کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللە. بەڵام کۆماری ئیسلامی پێویستی بە ئامادەکارییەکی زیاتر بوو بۆ ئەوەی بتوانێت کوردستان سەرکوت بکات. بۆیە پلانی هێرش بۆسەر کوردستان بە بەراورد لەگەڵ هێرشکردنەسەر دەستکەوتەکانی بەشەکانی تری خەڵکی ئێران، تا ڕادەیەک دواکەوت.

هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ لە کاتێکدا دەستیپێکرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەستی بەوە دەکرد توانایی پێویستی بۆ سەرکوتکردنی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بەدەستهێناوە. هێزەکانی ڕێژیم لە دوو مێحوەری ورمێ و کامیارانەوە هێرشەکەیان دەستپێکرد. لە هەردوو مێحوەرەکەدا لەگەڵ بەرگریی قارەمانانەی هێزەکانی پێشمەرگە بەرەوڕوو بوونەوە. لەم قۆناغەدا ڕژیم توانی بەپشتبەستن بە باڵادەستی هێزی ئاسمانی و تۆپخانە، کوردستان داگیر بکات. لەو کاتەدا کۆمەڵە بەیاننامەیەکی لەژێر ناونیشانی «خەڵکی کورد لەبەردەم تاقیکردنەوە»دا بڵاوکردەوە و تیایدا خەڵکی کوردستانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگریکردنێکی هەمە لایەنە بانگهێشت کرد. لە وەڵامی ئەو بانگەوازەدا، بڵێسەکانی خەبات و بەرخۆدان لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە سەریهەڵدا.

زۆری نەخایاند کە هێرشە غافلگیرانە و بەربڵاوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەک و ناڕەزایەتی هەر ڕۆژە و بەردەوامی جەماوەری خەڵک لەسەر شەقامەکان لە لایەکی ترەوە، دوای سێ مانگ، هاوسەنگی هێزی بە قازانجی خەڵک گۆڕی و ڕژیمی ناچار بە پاشەکشە و قبوڵی ئاگربەست و هاتنەسەر مێزی دانوستان کرد. گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ ناو شارەکان و پێشوازی گەرم و گوڕ و شکۆداری خەڵک لەو هێزانە و هەروەها گەشەسەندنی چالاکییە سیاسییەکان و شکڵگرتنی شۆڕا و ڕێکخراو و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی خەڵک بەسەر چارەنووسی خۆیاندا، بە کردەوە شکستی هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ی ڕژیمی ڕاگەیاند و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی گەیاندە قۆناغێکی دیکە لە خەبات و بەرخۆدان. خەڵک و بەتایبەت لاوان داهێنەرانەترین شێوازەکانی ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتییان بەکارهێنا و لە زۆربەی شوێن و ناوچەکانی کوردستان کۆمەڵگایان بە شێوەیەکی تەندروست و دێموکراتیک بەڕێوەبرد و ئاسایشی گەڕەکەکانیان بە بەشدارکردنی جەماوەر مسۆگەر کرد. بەرنامەی دابەشکردنی خۆراک و کەرەستە پێویستەکانی خەڵکیان ڕێکخست. خزمەتگوزارییە پزیشکی و تەندروستییەکانیان دەستپێکردەوە. قوتابخانە و فەرمانگەکان بە کراوەیی هێڵرانەوە و بە کێشە و گرفتەکانی خەڵک ڕاگەیشتن و ئەخلاق و ڕەفتاری شۆڕشگێڕانە و مرۆڤدۆستانە ڕەواجی پێدرا. هەر لەو دەورەیەدا هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد پێکهێنرا و ئەم ناوەندە لە ئارایشێکی نیمچە بەرەییدا ئیدارەی کاروباری کوردستانی گرتە ئەستۆ.

لە ماوەی کەمتر لە ٦ مانگدا کە کۆماری ئیسلامی سەرقاڵی ئامادەکاری بوو بۆ دەستپێکردنی هێرشێکی دیکە، کۆمەڵە سەرەڕای ئەو ئاستەنگ و ئاڵەنگارییانەی کە لە ناوخۆی کوردستاندا پێک دەهاتن، لە هەوڵی ئامادەکردنی بیروڕای گشتیدا بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێرشی سەرلەنوێ و چاوەڕوانکراوی ڕێژیم بۆسەر کوردستان. ڕژیمی ئیسلامی خۆی لە دانوستاندنێکی ڕاستەقینە لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەدزییەوە و بە مانۆڕگەلێکی فریوکارانە دەرفەتی بۆ خۆی دەکڕی. سەرەنجام کاتێک ئامادەکارییەکانی خۆی تەواو کرد، دیسانەوە لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩دا و ئەمجارەیان لە مێحوەری کامیاران_ سنەوە، هێرشی خۆی بۆسەر کوردستان دەستپێکردەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی هیچ سەنگەرێک بەبێ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ خۆڕاگریی و بەرخۆدانێکی قارەمانانە داگیر بکات، خۆڕاگریی و بەرخۆدانێکی کە ساڵانێکە هەروا بەردەوامە و ڕێژیمی لە کوردستان زەمینگیر کردووە. هەرچەندە ڕژیم دواجار توانی باڵادەستی نیزامیی بەدەست بهێنێت، بەڵام هەرگیز نەیتوانی خەڵکی کوردستان ناچار بە تەسلیم بوون و ملکەچکردن بکات.




لە هەمان کاتدا کە خۆڕاگریی دژ بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەربڵاو و سەرتاسەری بوو، بەڵام هاوسەنگی هێزی ناوخۆ بۆ پێشخستنی بەرنامەی کۆمەڵە بەمەبەستی دەسەتەبەرکردنی دەسەڵاتی جەماوەریی لە کوردستان، لە هەموو شوێنێک وەک یەک نەبوو. سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی لێرە و لەوێ بوونی هەبوو، هەروەها سەرەڕای سنووردرابوونە زەمەنییەکەی، خەڵکی کوردستان بۆ یەکەمجار دەسەڵاتدارێتی لەخوارەوە، واتە دەسەڵاتدارێتی شۆڕایی و ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسییان ئەزموون کرد. پاشماوەکانی سیستەمی فیئۆدالییان لەناوبرد و زەوی بوو بە موڵکی ئەو کەسەی کە کاری لەسەر دەکرد. ژنان لە ئاستێکی بەرفراواندا هاتنە ناو گۆڕپانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان. گەرای پەروەردە و بارهێنانێکی پێشکەوتوو شکڵی گرت. بۆ یەکەمین جار خەڵک چیتر خۆیان لە ژێر باری ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەییدا هەست پێنەدەکرد. ئەو خۆڕاگرییەی کە دواتر لەدژی هێرشی ڕژیم هاتەئاراوە، لە ڕاستیدا بەرگریکردن بوو لەو دەستکەوتانە.

بنەڕەتی ترین کەم و کووڕی، بریتی بوو لە نەبوونی ئەزموون و نەبوونی دەرفەت بۆ ئامادەکردنی کادر و ستافێکی بەتوانا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەو خەڵکەی کە دەیان ساڵ دەسەڵاتی ستەم و چەوساندنەوەی پاشایەتییان تێپەڕ کردبوو، هەروەها ڕێکخراوێکی کە لە دڵی کۆمەڵگایەکی پڕ لە خەفەقاندا سەری هەڵدابوو، بەم نەهێشتنی کەم و کوڕییەکانی خۆیان پێویستیان بە کات بوو. هەڕەشەی هێرشی کۆماری ئیسلامی و دروستبوونی فەزای شەڕ لە کوردستان، بە ناچاری خەباتی چەکداریی لەچاو هەموو جۆرەکانی دیکەی خەبات و خۆڕاگریی کرد بە ئەولەویەتی سەرەکی و دەرفەتێکی گونجاو بۆ چەسپاندن و پەرەپێدانی ئەو دەستکەوتانە نەڕەخسا.

گرنگترین و چارەنووسسازترین ئەزموون ئەوەیە کە نابێت لە ڕێکخستنی دەستبەجێی شۆڕاکانی شوێنی کار و ژیان غافڵ بین و کات بە فیڕۆ بدەین. پێویستە خەڵک لەگەڵ هەڵکردنی یەکەم شنەبای ئازادیدا، دەسەڵاتی خۆیان لەخوارەوە دابمەزرێنن. لەم پێوەندییەدا لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی شۆڕای گەڕەکەکان لە شاری سنە (بنکەکان) زۆر گرنگە. ئەمە خاڵی سەرەکییە. پێویستە پلانی پێشوەختە هەبێت بۆ وەڵامدانەوەی خێرا بە پێداویستییە ئابوورییە بەپەلەکانی خەڵک و بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گرفتە ئابوورییەکان نەخشەڕێگای گونجاو هەبێت، دەبێ بیر لە پووچەڵکردنەوەی پیلانی دابەشکاری و دوبەرەکی دروستکردنە نەتەوەیی و ئایینییەکان بکرێتەوە، پێویستە بە شێوەیەکی دڵسۆزانە و بەرپرسیارانە هەوڵی نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی بدرێت و بۆ ئەو مەبەستە نەخشەڕێگای دیاریکراو هەبێت. دەبێ بەپێی نەخشەڕێگایەکی کرداریی، خەڵک لەوە دڵنیا بکرێتەوە کە کۆمەڵگەی کوردستان نابێتە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی گروپە چەکدارەکان، ڕادیکالیزم لەم بوارانەدا مانا پەیدا دەکات. بە دیتنی ڕۆڵی حیزبێکی توندڕەو، کە بێگومان غەیرە کرێکاریش دەبێت، ناتوانرێت ئەم کۆمەڵگایە لە ڕێڕەوە سەخت و پڕ لە کۆسپ و ئاڵەنگارییەکان تێپەڕێنرێت.

سەرجەمی ئەم پرس و ئەزموونانە لە مێژووی ٤٤ ساڵەی کۆمەڵە و کۆمەڵگای کوردستاندا بەرچاو دەکەوێت.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حەرەکەتگەلێک لەباری کۆمەڵایەتی و خەباتی پێشکەوتنخوازانە لە کوردستاندا ڕوویانداوە کە دەریدەخەن بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە قووڵایی کۆمەڵگادا خەریکە پەرەدەسێنێت. شۆڕشی شکۆداری ژینا نموونەی زیندووی بەردەوامبوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانە. خۆپیشاندانە بەربڵاوەکانی سەرشەقام، مانگرتنە سیاسییەکان و ئەو داهێنانە جەماوەری و مەدەنییانەی کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا دژ بە کۆماری ئیسلامی شاهیدیان بووین، نموونەگەلێکی درەوشاوەن لە زیندوویەتی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریی. بەڵام شۆڕشی ژیناش ڕووداوێکی بێ کۆنتێکست و برووسکەیەک نەبوو لە ئاسمانی بێ هەوردا. سەیری مانگرتنی گشتی چەند شارێکی کوردستان بکەن بۆ پشتیوانی لە کۆڵبەران، هەروەها هاودەنگی کەم وێنەی خەڵک لە کاتی بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان، ئەو کارنەڤاڵە گەورەیەی کە بۆ ڕێزلێنان لە شۆفێرێکی قارەمان کە لە کاتی گەیاندنی هاوکاریدا گیانی بەختکرد، پشتیوانی بەربڵاوی جەماوەریی لە بزووتنەوەی حەقخوازانەی ڕۆژاوا بێننە بەرچاو، سەیری پاڵپشتی لە خەڵکی کوردستانی عێراق بکەن بەرامبەر بە ستەم و ملهوڕییەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق، سەیری بزووتنەوە جەماوەرییەکان بۆ بەرگریکردن لە ژینگە، خۆڕێکخستنە درەوشاوە جەماوەرییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پەتای کرۆنا، بەرخۆدانی ژنان لە بەرامبەر سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ و ڕێژەی بەرچاوی ئەو هەڵسووڕاوە کرێکاریانەی کە لە ئاستێکی سەرتاسەریدا خاوەن کاریگەری و ئیعتیبارن. سەرجەمی ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیتوو لە کوردستان سوننەتەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان دەپارێزن و بەرەو پێشەوەی دەبەن. لە وەها بارودۆخێکدا پێویستە بە هەموو تواناوە هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان کە خاوەنی هەگبەیەکی پڕ لە ئەزموونی بەنرخە، لەگەڵ ئەو بزووتنەوە سەرتاسەرییەی کە لەپێناو نان و ئازادیدا کەوتۆتەڕێ لێک هەڵپێکرێن. نابێ مەیدان بدرێت بە هێزە کۆنسرواتیڤ و ناسیۆنالیست و ڕوانگە گۆشەگیرخوازەکان، ئەو بۆچوونە پەرەپێبدەن کە گۆیا حەرەکەتە مافخوازانە و سەرتاسەرییەکان پێوەندییان بە خەڵکی کوردستانەوە نییە. دەبێ هەوڵ بدرێت سەرجەم توانایییە بەردەستەکان و توانایییە نوستوو و ناچالاکەکان وەگەڕ بخرێن. شۆڕشی ژینا تا ئەم ساتە ڕێگای نیشانداوە. پێویستە لە ئەزموون و کەموکوڕییەکانی تا ئێستای ئەم شۆڕشە وانە وەربگیرێت و بە کەمترین زەرەر و زیان زۆرترین دەستکەوت بەدەست بێت و هەنگاو بە هەنگاو ڕێگای سەرکەوتن خۆش بکرێت.

**********

# شۆڕشی ژینا، دەسکەوتەکان و ئاسۆ (٣)

## بەشی سێهەم و کۆتایی وتوویژی ئایدیا دیپلۆماتیک لەگەڵ هاوڕێ برایم عەلیزادە

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** ٢٠٢٣ ئێوە ڕاگەیاندنێکتان داوە سەبارەت بە هاوکاری وکاری هاوبەش لە گەڵ هێزە سیاسیەکانی کوردستان و وتووتانە ئەوە سیاسەتێکە لە پێناوی ئاسانکردنەوەی خەباتی سیاسی لە کوردستان بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کورد، دیارە ئێوە زۆرتر مەبەستتان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و پژاکە، مەبەستتان چییە کە لەو کاتە دیاریکراوەدا وەها ڕاگەیاندنێك ئەدەن؟ ئەوەتان وەکوو هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی کردووە یان بەرانبەر بەو زەختانەی کە لە ماوەی ئەو چەند مانگەی ڕابردوودا بەرەوڕووتان بووەتەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لەسەر پرسی یەکگرتوویی و وەحدەت لە کوردستان سیاسەتی ئێمە بە شێوەیەکی ڕووتین دوو لایەنی هەیە، یەکیان پێویستی نزیك بوونەوەی هەموو مەیل و بۆچونێکی سۆسیالیست، کە چ وەکوو ڕێکخراوی سیاسی، چ وەکوو ڕێکخراوی مەدەنی، چ وەکوو کەسایەتی و تاکی هەڵسووڕاو لە کوردستان بوونیان هەیە. ئەو نزیکبوونەوەیە لەژێر چەترێکی فرەوانتر لە وەحدەتی حیزبی ، بەجۆرێك ئەو مەیلە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لەو پرژ و بڵاوییە بێنێتە دەرێ و هێز و توانییەکانی یەك بخات.
دووهەمیان لەڕووی ئەو واقعییەتەوەیە کە بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان دژ بە دەوڵەتی ناوەندی لە هەمانکاتدا بزوتنەوەیەکی گشتگیر و هەمە لایەنیە کە حیزب و ڕێکخراو و مەیلی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی جۆراوجۆری تێدایە. ئێمە هەوڵمان ئەوەیە کە ئەو پۆتانسێل و تواناییەش بە شێوەیەکی کارا لە پێناوی ئاسانکردنەوەی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی بەکاربێت و ڕێگاش نەدەین کە دەوڵەتی ناوەندی لە کەلێن و کەلەبەرەکانی ناو ئەو بزوتنەوەیە بۆ زەربە لێدان و سەرکوتکردن کەڵك وەربگرێت. ئەوە سیاسەتێکی ڕووتینی ئێمە بووە. ئەوەی کە ئەو سیاسەتەی کردە ئەولەوییەتێك بۆ ئێمە بە پلەی یەکەم شۆڕشی ژینا بوو. ئەو شۆڕشە بارودۆخێکی جیاوازی لە کوردستان هێنایە گۆڕێ. لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا پێویستی و چاوەڕوانییەکی تازەی هێنایە گۆڕێ کە تین و تەوژمێکی کۆمەڵایەتی بەم سیاسەتە بەخشیبوو، کە دەیتوانی کەندوکۆسپەکانی سەر ئەو ڕێگەیە ئاسانتر بخاتە لاوە. تەنانەت من پێموایە کە ئەگەر شۆڕشی ژیتا ساڵێك پێشتر ڕوویدابایە، ئەو جیابوونەوەیەی ئەم دواییانەی ناو ئێمەش ڕووی نەدەدا. پێویست بوو ئێمە ئەو هاوخەباتی و هاوپشتییەی کە لەناو ئەو شۆڕشەدا پێکهاتبوو، وەڵامی بەرپرسیارانەی پێ بدەینەوە و بەهێزتری بکەین. لەناو ئەو حەرەکەتە کۆمەڵایەتییەی کە لەژێر دروشمی ( ژن، ژیان، ئازادی) دا بەرەوپێش دەچوو هەموو جۆرە مەیلێکی سیاسی تێدابوو و ڕێکخراوە سیاسییەکانی مەوجود لە کوردستان هەر کامەیان بە جۆرێك کەم یا زۆر جێ پەنجەیان دیاربوو. ئەو پێویستییە بوو کە وایکرد ئێمە جارێکی دیکە لە سەر ئەو لایەنەی کە پێوەندی بە پرسیارەکەی ئێوەوە هەیە جەخت بکەینەوە و بەڕۆژی بکەینەوە. کە بە کورتی لە سەر چەند بنەمای سەرەکی دامەزراوە:

**یەکەم:** پێکهێنانی کەشوهەوای دیالۆگ و گفتوگۆ، بەهێزکردنی ڕۆحی ڕەخنە و ڕۆشنگەری لە نێوان لایەنە سیاسییەکان

**دووهەم:** پابەندبوون بە پڕەنسیپی ئازادیی سیاسیی بێ مەرج وەک یەکێک لە پایەکانی خەباتی سیاسی ئاشتیخوازانەی نێوان حیزب و لایەنەکانی کوردستان، ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکانی جەماوەر، لەوانەش مافی چارەنووس، جیایی دین لە دەوڵەت، مافی منداڵان و ژنان و باقی ناسنامە جنسی و جێندەرییەکان و هەروەها مافی نەتەوەکانی دیکە.

**سێهەم:** بەفەرمی ناسینی پڕەنسیپی مافی دەسەڵاتدارێتی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان لە ڕێگەی ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانی جەماوەرەوە.

**چوارەم:** دوورکەوتنەوە و خۆ بواردن لە هەر دانوستانێکی بەتاک لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی سەبارەت بە ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان.

**پێنجەم:** جەختکردنەوە لەسەر سیاسەتی بەکارنەهێنانی چەک لە بەرەوپێشبردنی جیاوازییە سیاسییەکان و ڕاگەیاندنی پابەندبوونی بێ مەرج بە ئاوا بەڵێنییەک بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.
هەر لەسەر ئەو بنەمایە بوارەکانی هاوکاری بۆ ئەو قۆناغەش دەست نیشان کراون.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** پرۆژوکەی ئێوە تا چەند وەڵامی وەرگرتەوە لەلایەن ئەو هێزانەوە کە مەبەستتان بوون؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بە ڕەسمی وەڵاممان وەرنەگرتووەتەوە بەڵام بە کردەوە تا ڕادەیەك پێشکەوتن بەدەستهاتووە. بۆ نموونە دانیشتن و گفتوگۆ و و دیالۆگ هەبووە، توانیمان چەند مانگرتنێکی گشتی لە کوردستان بە هاوئاهەگی لەگەڵ یەکتر ڕێکبخەین کە وەڵامی باشی وەرگرتەوە. ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە باسکراە هاوڕابووین لەسەر ئەوەی لە جەریانی شۆڕشی ژینادا چەك بە کار نەهێنین و هەموو لامان وابوو لەو بارودۆخەدا کە خەڵك لە ئاستێکی جەماوەریدا لە مەیداندان، ئەو حەرەکەتە نەگوازرێتەوە بۆ خەباتی چەکداری و جیا نەبێتەوە لە خەباتێکی سەراسەری کە لە ئێران هەر بەو دروشمە کەوتووەتەڕێ. لە دەرەوەی وڵاتیش ڕێکخراوەکانمان لە پێوەندیدابوون و هاوکارییان بۆ ڕێکخستنی ئاکسیۆنەکان باش بووە.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** دەتوانی بە ڕوونی پێم بڵێی بۆ نموونە هاوکاری ئێوە و حیزبی دێموکرات، ئێوە و پژاك یان ئێوە و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ وەکوو لایەنێک، شتێکی دیاریکراوی لە پێناو بەرەوپێشچوونی ئەو بڕیارنامەی ئێوەی لێ سەوز بووە؟

**بئیبراهیم عەلیزادە:** بێگومان بە خاوی چووەتە پێش و لە ئاستی پێویستدا نەبووە. بۆیە پێویستە هەوڵەکان بەردەوام بێت. ڕێککەوتن نامومکین نییە بەڵام بە هۆکاری جۆراوجۆر بە هێواشی بەرەوپێش دەچێت.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** خەڵك گلەییتان لێ دەکات و خۆشتان دەی بیستنەوە کە لە کاتێکدا زرووفێکی بابەتی زۆر لەبار هاتبووە پێش، کە ئێوە بەرەیەکی هاوکاری ڕۆژهەڵاتی پێك بێنن کەچی وانەبوو.؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** دیارە هەر هێزە و وەڵامی خۆی هەبوو بۆ ئەو زرووفە بابەتییەی کە ئێوە باسی دەکەن. بۆ نموونە لایەن هەبووە کە بیری لە نزیکبونەوە لە موجاهیدینی خەڵك کردووەتەوە، لایەن هەبووە کە شوێن مەنشووری جۆرج تاون و هاوپەیمانی لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی کەوتووە. هەرکام لەو لایەنانە لە هەوڵی ئەوەدابوون هاوپەیمانانی سەراسەری ئێرانیی خۆیان بدۆزنەوە کە وەکوو یەك وانەبوون. هەرکام لەوە هێزە کوردستانیانە ئەولەوییەتی خۆیان هەبووە و بەشوێن هاوپەیمانی تایبەت بە خۆیانەوە بوون و ئەوەش بە نۆبەی خۆی ڕێگر بوو لە نزیکبوونەوەیان لەگەڵ یەکتر لە کوردستان.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** بەڵام ئێوە گەش بینن بەو کارە و هەر بەردەوام دەبن لەسەری؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ ئێمە لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوام دەبین، بەڵام چەندە بە نەتیجە دەگات ئەوە گرێدراوە بەوەی کە ڕەوتی ڕووداوەکان لە ناوەوەی وڵات بەرەوکوێ دەڕوات؟ بە هەر ڕادەیەك کە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریی پەرە بستێنێ ئەو پێویستییە زیاتر بەری دەرگایان پێدەگرێت و کەندوکۆسپەکان ئاسانتر لادەچن.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** ئێوە ڕاگەیاندنێکی ترتان داوە سەبارەت بەو فشارانەی کە حکومەتی ئێران هێناویەتی بۆسەر حکومەتی هەرێم و بۆسەر ئێوەش، وتوشتانە ئەو فشارانە تازە نین و لە ڕابردووشدا هەربووە، ئێوە هەڕەشەیەکی چەکداری نەبوون بۆسەر حکومەتی ئێران لە هەرێمی کوردستانەوە، وتوشتانە ئەو ئوردوگایە کاری مەدەنی تێدا دەکەن، ئەو هەڵوێستەی ئێوە کە جۆرێك لە نەرم و نیانی لۆژیکی پێوە دیارە چەندە وەڵامی وەرگرتووەتەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** تا ئەو جێگەیەی کە پێوەندی بە خەباتی چەکداری ئێمەوە هەبێت، ئێمە وتوومانە خەباتی چەکداری ئێمە پێویست بێت یان نەبێت نابێت لەسەر حیسابی خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت، ئەوە سیاسەتێکی جێکەوتووە و تا ئێستا بەڕێوە چووە. لە قۆناغی دیاریکراوی ئێستاشدا، ئێمە سەربەخۆ لەوەی کە حکومەتی هەرێم چ داوایەکی لەم بابەتەوە لە ئێمە هەبێ یان نەی بێت، سیاسەتێکمان داڕشت کە لۆژیکی و لەگەڵ بارودۆخەکە گونجاو بێت. وتمان فشارەکانی حکومەتی ئێران مەعلوومە، هەڵوێستی حکومەتی عێراق مەعلوومە، ئاستەنگییەکانی حکومەتی هەرێم مەعلوومە، ئەوندەی کە ئێمەش بەپێی بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەکەمان دەتوانین مروونەت بنوێنین مەعلوومە، ئێستا بەپێی ئەو هاوسەنگییە دەبێ خۆمان سیاسەت دابڕێژین، ئەوە بوو کە پێشتر باسمانکرد. هێڵی سوور و هێڵی سەوزی ئێمە دیاریکراوە. ئەوندەی ئێمە تێگەیشتبێتین حکومەتی هەرێم بەوە ڕازییە، حکومەتی ئێران بەردەوامە لە هەڕەشەکردن و مەبەستیشی کاریگەری دانانە لەسەر ورەی جەماوەر لە ناوەوەی وڵات. چاوەڕێ دەبین بزانین کاردانەوەکان چۆن دەبن؟

ئایدیا دیپلۆماتیك: بەس لە ڕاگەیاندنەکەی ئێوەدا هاتووە کە کۆماری ئیسلامی فشاری خستووەتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سنووردانان بۆسەر چالاکییەکانی ئێوە لە هەرێمی کوردستان، ئەو فشار و زەختانە چین و قسەی ڕوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوو بە ئێوە چییە؟ من بیستوومە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئێران و حکومەتی عێراق ڕێکەوتنیان کردووە لەسەر ئەو بابەتە و ڕازی بووە بەو مەرجانەی ئەوان داوایانکردووە.

ئیبراهیم عەلیزادە: هەر حیزبەی خۆی وەڵامی خۆی هەیە بۆ ئەو پرسیارە. وەڵامی ئێمە ئەوەیە کە ئەو سیاسەتی ئێمە دیاریمانکردووە بۆ ئەو بارودۆخە گونجاوە و بەرژەوندی حکومەتی هەرێمیشی تێدا لەبەرچاو گیراوە، پرسیار ئەوەیە ئایا کۆماری ئیسلامی و حکومەتی عێراق هەموو ئەو ڕێکەوتننامانەی بە درێژایی ئەو ساڵانە لەگەڵ حکومەتی هەرێم بوویانە بە تەواوی بەڕێوەیان بردووە؟ یان تەنانەت مافە یاساییەکانی حکومەتی هەرێمیشیان لەبەرچاو گرتووە؟

با ئەوەش بڵێم چالاکییە سەرەکییەکانی ئێمە وەکوو ڕاگەیاندن و ئاکسیۆن، هەموو لە ئورووپاوە بەڕێوەدەچن و هیچ جۆرە زەختێکی حکومەتی ئێران ناتوانێت بەریان پێبگرێت. ئێمە تەنانەت لەڕووی داراییشەوە دەتوانین لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستین. کەوایە دەستی کۆماری ئیسلامیش بۆ زەخت خستنەسەر ئێمە ئەوندەش کراوە نییە. لێرەش بە کردەوە وامانکردووە زەختەکە لەسەر حکومەتی هەرێم کەم بکەینەوە.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** ئایا بە نەزەری ئێوە ئێستا حکومەتی هەرێم هیچ ڕێککەوتنێکی نییە لەگەڵ عێراق؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە لە وردەکاریی گفتوگۆکانیان ئاگادار نیین، ئەوەی تا ئێستا دیومانە لەسەر ئەوە قەزاوەت دەکەین.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** ئێوە تا ئێستا چەند جار ئاماژەتان بەوە کرد کە ئۆردوگاکەتان ئۆردوگایەکی نیزامی نییە، لەلایەکی دیکەوە وتووتانە چەکدانان بۆ ئێمە هێڵی سوورە، ئەوە پارادۆکسێکی تێدایە، چۆن تەوزیحی دەدەن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە وتوومانە لە ئۆردوگاکانمان پێشمەرگایەتی ناکەین، بەڵام نەفسی پێشمەرگایەتیمان ڕەد نەکردووەتەوە، هەروەها لە ئۆردوگاشدا بەپێی بارودۆخی گشتی عێراق ماڵی هاوڕێیانمان پێوێستە چەکی تێدا بێت بۆ بەرگری ڕەوا لەخۆیان. ئەوەش ناتەبایی نییە لەگەڵ سیاسەتی هەرێم و بۆ هەموو خەڵکی ئەو هەرێمە سەلمێندراوە.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** لە ڕاگەیاندنەکەتاندا وتووتانە، ئایا دەوڵەتی کوردی مافی ئەوەی نییە ئیجازەی چالاکی بدات بە هاونەتەوەکانی خۆی لە حاڵێکدا کە دەوڵەتانی وەکوو ئاڵمان و فەڕانسە و کانادا و ئەوانی تر ئەو مافەیان پێداوین. ئەوە پێموایە قسەیەکی بەجێیە و پێموایە کاتی خۆی لە گۆنگرەی سێی کۆمەڵەش ئەو جەدەلەتان بووە لەگەڵ جەنابی مام جەلال، کە ئەو لەسەر پشتیوانی خەڵکی هەموو پارچەکانی کوردستان لە خەباتی یەکتر پێداگری کردووە و تەنانەت ڕەخنەشی هەبووە لە ڕەشنووسی بەرنامەی ئێوە بۆ خودموختاری لە کوردستان، بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بابەتەوە مۆڕاڵانە هەڵسوکەوت ناکات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** حکومەتی هەرێم تا ئێستا لەو ڕووەوە کێشەکی جیدی بۆ ئێمە دروست نەکردووە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بڕوا بەخۆ لە حکومەتی هەرێمدا لاوازە. بە بڕوای من حکومەتی هەرێم تواناییەکانی خۆی بۆ بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمجۆرە فشارانە بەکەم دەگرێت. ئەو زەرفییەتانەی بە باشی بەرانبەر بە فشاری نالۆژیکی کۆماری ئیسلامی بەکار ناهێنێت، تەنانە بەرانبەر بە تورکیەش. ئێستا کۆماری ئیسلامی زیاتر موحتاجی ئەوانە. لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی گەمارۆی ئابووری لەسەرە، سنوورەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە زۆر ڕووە بۆی



کراوەیە. لە ساڵی ڕابوردوودا بە ڕێژەی چوار میلیارد دۆلار لەسەر قازانجی ئێران بازرگانی کراوە. ئەوەی کە ئێمە تەئکیدی لەسەر دەکەین ئەو واقعییەتەیە کە ئەوەی ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی دەیکات تەنیا زەخت نییە بۆسەر ئێمە بەڵکوو گرنگتر لەوە نیگەرانی لە پەرەسەندنی خەباتی کورد وەکوو نەتەوەیەك لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لەو بەینەدا نەفسی بوونی حکومەتی هەرێم بە مەترسی دەزانێ. لاوازکردنی پێگەی ئەو حکومەتە، بە ڕەسمی نەناسینی سنوورەکانی، یارمەتیدان بە حکومەتی ناوەندی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی زۆرتر بێت بەسەر هەرێمی کوردستاندا، خۆ ئەوە لەبیر نەچووەتەوە کە لەژێر فەرماندەیی ئەواندا دەست بەسەر کەرکوکدا گیرا. بەردەوام کۆماری ئیسلامی هەوڵیداوە مەودای دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم لە هەموو ڕوویەکەوە بەرتەسك بکاتەوە. بڕوا بەخۆیی لێ بستێنێ، کێشە و ناکۆکییەکانی ناو حیزبە سیاسییەکان پەرەپێ بدات. ئەوە ئامانجی سەرەکی کۆماری ئیسلامییە و ئێمە بەهانەین. لە پەراوێزی ئەو سیاسەتەدایە کە فشارێکیش دەخاتە سەر هەرێم بە نیسبەت ئێمەوە.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** باشە ئەگەر هەموو ئەوجۆرە بۆچوونە مەنتقی و سیاسەتە بەرپرسیارانەی ئێوە لەبەرچاو نەگیرا، ئێوە ئامادەن جارێکی دیکە لە شوێنێکی دیکەوە دەست بدەنەوە خەباتی چەکداری؟ ئەگەر ناچارکران بەوکارە، ئەوە دوایین ئاڵترناتیڤی ئێوە دەبێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە نەك لەڕووی ئەو فشارانەوە بەڵکوو بەپێی لێکدانەوەی سیاسیمان بۆ بارودۆخی ئێستای سیاسی لە ئێران و لە کوردستان خەباتی چەکداریی بە پێویست و بە کارساز نازانین. بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە کوردستان بە هەموو پارچەکانییەوە بەپێی سوننەتەکانی، بەپێی مێژووی، تێیدا دەستبردن بۆ چەك ئاسانە و وەکوو مافی پاراستنی ڕەوا لە ئاستی جەماوەریدا سەلمێندراوە. ئەو ئامادەییە هەیە کە لە کاتێکدا زەختی دەوڵەتانی داگیرکەر هیچ ڕێگەیەکی دیکە نەهێڵێتەوە، دەست بباتەوە بۆ چەك. ئێمە دەستبردن بۆ چەك وەکوو ڕێگەیەك بۆ خەبات لە کوردستان لەبەرچاومانە و نامانەوێ ئەو ڕێگەیە بە شێوەیەکی ستراتێژیك کوێر بێتەوە. بۆ ئێستا مەسەلەی چەکدانان بۆ ئێمە مەسەلەیەکی سیاسییە، کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لەو ڕێگەیەوە تەسویری شکست و لە مەیدان دەرچوو لە ئێمە بدات بە خەڵکی کوردستان، ئەوەی کە ئێمە پێداگری لەسەر دەکەین ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی نەتوانێت ئەو زێهنییەتە لەناو خەڵکی کوردستاندا جێ بخات.

درێژە لە لاپەڕەی ٦

پێشڕەو
دەورەی دووهەم- ژمارە٤٣٣-نیوەی دووهەم گەلاوێژ ١٤٠٢

# پێویستییەکانی بەردەوامبوونی ڕێبازی شۆڕش کامانەن؟



ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا بەجۆرێک کاری کردووەتە سەر تێڕوانینی کۆمەڵگای ئێران، کە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ئەستەمە. لەم تێڕوانینە نزیک لە ڕاستییەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەگەرچی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە لە ئێران لەم چەند مانگەی دواییدا هەڵبەت لە شەقامەکان تاڕادەیەک دامرکاوەتەوە، بەڵام ئەم حەرەکەتە جەماوەرییە لە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتیدا بەردەوام بە ئاراستەی گەشە و پەرەسەندن بەرەوپێش دەچێت. ئەو گۆڕانکارییەی کە لە قوڵایی کۆمەڵگا و لەناو چین و توێژە جیاوازەکاندا ڕەگی داکوتاوە، تا ئەو جێگایەی کە وزەی ناو ناخی ئەم ڕاپەڕینە لە قووڵایی کۆمەڵگادا هێشتا هاوئاهەنگی و داینامیکی خۆی دەپارێزێت و بەمەرجێک ژیرانە پارێزگاریی لێبکرێت، دەتوانێت لە هەلومەرجی گونجاودا بۆ بەرگریکردن لە دەسەڵاتدارێتی جەماوەر و لە ڕێگای دەستەبەرکردنی ئازادی و یەکسانی، واتە ئەو بابەتەی کە لە پێناویدا ڕاپەڕیبوو، سەرلەنوێ سەرهەڵبداتەوە. بەڵام پرسیاری سەرەکی، بەتایبەتی لە سەروبەندیساڵیادی ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیەدا، ئەوەیە کە چۆن درێژە بەو ڕێبازە بدرێت، پرسیارێکی گرنگ و جێگای سەرنجە کە پێویستی بە شیکردنەوە و ناسینی هۆکار و پێویستییەکانی بەردەوامبوونی، لەوانە گوتاری بزووتنەوەکە، ڕێبەریی، ستراتیژی و ڕێکخراو هەیە کە دەبێت وەڵامی پێ بدرێتەوە. لە درێژەی ئەم بابەتەدا بە کورتی ئاماژەیەک بە هەرکام لەو پرسانە دەکرێت.

**گوتار:** گومان لەوەدانییە کە ئەمە گرنگترین سەکۆیە بۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی بزووتنەوەیەک. بەبێ گوتارێکی ڕوون و کاریگەر و گشتگیر، پێکهێنانی یەکڕیزی و یەکگرتوویی بە ئاراستەی گەشە پێدان و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەیەکی خاوەن ئامانجێکی دیاریکراو، پێدەچێت گەلێک ئەستەم بێت. ئەڵبەتە هەندێکجار گوتار لەگەڵ دروشم تێکەڵ دەکرێت. دروشم هەرچەندەش سەرنجڕاکێش بێت، ناتوانێت جێگرەوەیەکی باش بێت بۆ گوتار. دروشم کاردەکاتەسەر هەستەکان، بەڵام کاریگەریی گوتار لە هەستەکان تێدەپەڕێت و دەتوانێت بیرکردنەوە بگۆڕێت، ئاسۆ دیاری بکات و لە هەندێک حاڵەتدا ئامانجە مەزنەکانیش دەستنیشان بکات. بە شێوەیەکی گشتی گاریگەری گوتار تاڕادەیەک درێژخایەن و قووڵترە لە یەک یان دوو دروشم. بەپێچەوانەوە، دروشم کاریگەرییەکی تاڕادەیەک کورتخایەن و ڕووکەشی هەیە، مەگەر ئەوەی کە لە خودی گوتارەکەوە سەرچاوەی گرتبێت وەک، دروشمی ژن، ژیان، ئازادی.

بێگومان پێکهێنانی گوتارێکی کاریگەر پێویستی بە تێگەیشتنێکی هاوبەش هەیە لەو گوتارە لەلایەن زۆرینەی کۆمەڵگاوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە گوتارێکی گشتگیردا پێویستە ئامانج و وشە و دەستەواژەکان ڕوون بن بۆ ئەوەی هەموو خەڵک بتوانن وەک یەک لێی تێبگەن. هەروەها پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە گشتگیربوونی گوتارێکی کاریگەر بەو مانایەیە کە هەموو یان زۆرینەی خەڵک بە بابەتێکی کردەیی و مومکین و لە توانایی خۆیانیدا بزانن، خۆیانی تێدا ببیننەوە و ئامادە بن لەپێناو بەدیهێنانیدا خەبات بکەن. گوتارێکی لەم شێوەیە دەتوانێت ئیمکانی گشتگیربوون و جەماوەری بوونەوەی هەبێت.

**ڕێکخراوە:** خولقاندن و پێشخستنی گوتاری گشتگیر لەپێناو ئامانجی دیاریکراودا، پێویستی بە ڕێکخراوی پتەو و یەکگرتوو هەیە. تەشکیلات دەتوانرێت ڕێکبخرێت. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە ناخی گوتارێکی هەمەلایەنە و خەباتی ڕۆژانەی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا پێکدێن و بەهێز دەبن. بە دەرکردنی ڕێنمایی و دەبێ و نابێ وتن ناتوانرێت ڕێکخراوەی جەماوەریی شکڵ پێبدرێت. هەروەها ڕێگای جەماوەری بوونەوەش هەر ئەوەیە کە گەلێک جار وەک بزووتنەوەی داواکاریی باسی لێوە کراوە. ئەم بزووتنەوەیە لەناو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا بەهۆی تایبەتمەندی سروشتی خۆی، زەمینەیەکی گونجاو بۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی لە دەوری داخوازیگەلێکی دیاریکراو خۆش دەکات. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین بزووتنەوەیەکی لەو شێوەیە (داواکاری) بەهۆی تایبەتمەندییە جەماوەرییەکەی، بەمەرجی بەردەوامبوونی، هیچ ڕێگەیەکی تری نییە جگە لە گەیشتن بە یەکڕیزی و ڕێکخراوبوون، کە دەتوانرێت لە چوارچێوەی دامەزراوە سنفی و مەدەنییەکانی ئێستادا ڕێکبخرێن، ئەڵبەتە هەرئێستاش تا ڕادەیەکی بەرچاو ڕێکخراوە. بۆ نموونە لە شۆڕشی ١٣٥٧دا مزگەوت و حەوزەکان وەک تەشکیلات ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان لە بڵاوکردنەوە و زاڵکردنی گوتاری ئایینیدا بینی. بۆچی دەبێت ئەمڕۆ بە پەرەپێدان بە بزووتنەوە داواکارییەکان و درێژەپێدانی، هەروەها پێکهێنانی ڕێکخراوە دەرهاویشتەکانی و بە کەڵک وەرگرتن لەو پەیوەندییانەی کە لەبەردەستدان، نەتوانرێت لەبواری جەماوەریکردنەوەی هەرچی زیاتری گوتاری ئاخێزی شۆڕشگێڕانە، بەشێوەیەکی کاریگەر هەوڵبدرێت؟.

**ڕێبەریی:** ڕێبەرایەییەکی یەکگرتوو یەکێکە لە پێشمەرجەکانی بزووتنەوەیەکی سەرکەوتوو. مەبەست لە دەستەواژەی ڕێبەریی بە واتای تەنها کەسێک یان سەرکردەیەک نییە، بەڵکوو بە مانای ڕۆڵ و کاریگەربوونیەتی. ئەگەر قبووڵی بکەین کە ڕێکخراوەی جەماوەریی لەناخی خەبات و نارەزایەتییەکانی ڕۆژانەدا سەرهەڵدەدات، بێگومان ڕێبەرایەتی جەماوەریش لە دڵی ئەو خەبات و نارەزایەتیانەوە سەرهەڵدەدات و لەو ڕێکخراوە مەدەنی، سنفی و سیاسییانەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەموویان هاوڕا و هاو ئامانجی یەکترن. هەروەک بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا نیشانیدا، ڕابەرانی داتاشراو و خۆسەپێن ناتوانن لەگەڵ جەوهەری بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ئەوتۆدابن کە لە خوارەوە شکڵ دەگرێ و خۆی ڕێکدەخات. یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ڕێبەریی لە بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا بریتییە لە زاڵکردنی گوتاری سیاسی و بەرەوپێشبردنی لە کۆمەڵگادا و سەرەنجام ئیلهامبەخشین بە کۆمەڵگا بۆ خەبات و تێکۆشان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا. بەڵام چۆن؟ پێدەچێت ئەم پرسیارە دووەمین ئەرکی ڕێبەریی بەرجەستە بکاتەوە کە بە داڕشتنی ستراتێژیی ( ستراتێژییەک لە درێژەی بابەتەکەدا وردتر باسی دەکەین)، هەنگاو بەهەنگاو ئەو هێزە جەماوەرییەی کە لە بەدیهێنانی گوتاری سیاسی سوودمەند دەبن، ڕێبەریی بکات و ڕێکیانبخات، لە کاتی پێشڕەویی و ڕاوەستاندا، ئاگای لە گۆڕانکاری لە تاکتیک و شێوازی دروشمەکان بێت. خاڵی گرنگی پلاندانان بریتییە لە دابینکردنی هەلومەرجێک کە تیایدا هەوڵی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەریی، تا گەیشتن بە ئامانجەکانی بەردەوام بێت، واتە هەروەک ئاماژەی پێکرا، پێویستی بە تەشکیلات و ڕێکخراوبوون، لە درێژە و بەردەوامبوونی بزووتنەوەکەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم ڕووەوە ئەرکی سێهەمی ڕێبەریی بریتییە لە بەهێزکردنی کاری ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە بەمەبەستی پاراستنی ستراتێژیی بە ئاراستەی ئامانجەکانی بزووتنەوەکە.

**ستراتێژ:** ئامانج لە بوونی ستراتێژ دروشمێک زیاتر نییە. هەروەک ئاماژەی پێکرا، گەیشتن بە ئامانج پێویستی بە یەکگرتوویی جەماوەریی هەیە، ئەو جەماوەرەی کە ویست و داخوازی هاوبەشیان هەیە، یان بە واتایەکی تر لە گۆڕینی بارودۆخی هەبوودا هاوچارەنووسن. ئەگەر باس لە «تێپەڕبوون» لە کۆماری ئیسلامی دەکرێت، دەبێ لەم پێوەندییەدا پرسیارێکی گرینگ بێتەئاراوە کە تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی چۆن و بە چ شێوەیەک؟ تێپەڕبوون بەرەو چ داهاتوویەک؟ ئاشکرایە کە ڕەنگە لە وەڵامدا باس لە ئامانج گەلێکی تەواو جیاواز بکرێ و هەریەک لەو ئامانجانە پێویستی بە ستراتێژ و ڕێکاری تایبەتی خۆی هەیە. ئەگەر ئامانج بریتی بێت لە تێپەڕبوون لەو سیستەمە ناعادڵ و ستەمکارەی ئێستا، بە چ ستراتیژێک یان بە واتایەکی تر، بە کام ستراتێژی دەتوانرێت بە ئامانج بگات؟ بەواتایەکی تر، تیۆری تێپەڕبوون یان «گوزار» چییە؟ بە هەمان شێوە ئەگەر ئامانج لە تێپەڕبوون بریتی بێت لە بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی، بە چ شێوەیەک و یان بە کام ستراتێژ ؟ کە وابو ئەم ئامانجانە جیا لە یەک دەتوانن لە ڕوانگەی ستراتێژییەوە تەواو جیاواز بن، لەبەر ئەو هۆکارە زۆر سادەیەی کە ڕەوتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بە بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی جیاوازەوە هەوڵ دەدەن گۆڕانکارییەکان بە ئاراستەیەکدا ببەن کە بەرژەوەندییە سیاسی و چینایەتییەکانیان مسۆگەر بکات.

مەبەستی ئێمە لەم بابەتە کورتەدا ناساندنی ستراتێژە جیاوازەکانی بزووتنەوەی ئەم دواییانە نییە، هەرچەندە پێدەچێت پێویستیش بێت، بەڵام باسەکە بە شێوەیەکی سەرەکی پێوەندی هەیە بە گرنگی هەبوونی ستراتێژێکی ڕوون وەک یەکێک لە مەرجەکانی درێژەدان بەو ڕێگایە بەشێوەیەکی گشتی. ئەگەر ئامانج بریتی بێت لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەرێکی زیاتر و کەڵک وەرگرتنی هەرچی زیاتر لە توانایییە جەماوەرییەکان لە بازنەی گوتارێکی گشتگیر (لە ئەگەری پایەداربوونی) لە بزووتنەوەی ژینادا، دەبێت چ ستراتێژێک بەکاربهێنرێت و لە چ لیڤەرێک کەڵک وەربگیرێت؟ چۆن دەتوانیت هاوسەنگی هێز ڕێکبخەیت؟ پێویستە چ لیڤەرێک بەکاربهێنرێت؟ ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕی سەر شەقام و کۆڵان بە کۆڵان؟ مانگرتنی یەک لە دوای یەک و بەردەوام لە ناوەندەکانی کار و بەرهەمهێنان؟ مانگرتنی گشتی؟ ڕێپێوان و گردبوونەوە، نافەرمانی ڕێکخراویی؟ ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوەی نارەزایەتی؟ کامیان زۆرترین کاریگەری دەبێت لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەریی بۆ ئەوەی کۆمەڵگای ناڕازی بەرەو یەکگرتوویی سیاسی و چینایەتی ببات؟ بابەتێکی تری ستراتێژیکی گرنگ کە لەم دواییانەدا هەندێک جار دەهاتە گۆڕێ، پرسی بەرگریی چەکداریی بوو. ئەڵبەتە کۆماری ئیسلامیش بە ئەنقەست هەوڵی دەدا کە نارەزایەتییەکان بە تایبەت لە کوردستان بەرەو ئەم شێوە خەباتە پاڵ پێوەبنێت و ئێستاش کە بەرپرسانی حکومەت پێشبینی دەستپێکردنەوەی نارەزایەتییەکانیان کردووە، وەک هەمیشە یەکێک لە ستراتێژییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژیم لەگەڵ نارەزایەتییەکاندا بریتییە لەوەی کە نارەزایەتییەکان بەرەو بەرەوڕووبوونەوەی چەکداریی پاڵ پێوە بنێت. نیشانەی ئاشکرای بریتییە لە کۆکردنەوەی هێز لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ کوردستانی عێراق و هەڕەشەی بەردەوام لە دژی بوونی لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئاشکرایە کە لەبەر چەند هۆکارێکی دیاریکراو، سیاسەتی خۆڕاگریی چەکدارانە ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، چونکە لە ڕووی کردارییەوە هاوسەنگی هێز تاڕادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتدایە. هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامیش بەم مەبەستەیە تا بتوانێت ڕەوتی گەشەکردن و بەهێزبوونی بزووتنەوەی جەماوەری، بە دروستکردنی گرژی و ڕەخساندنی فەزای شەڕ و نائەمنی لە کۆمەڵگادا ناکام بکات. لە ئاوا هەلومەرجێکدا کە بزووتنەوەی جەماوەری بەرەو گەشە کردن و بەهێزتر بوون دەچێت، هیچ ئاسۆیەکی ڕوون لەبەردەم سیاسەتی چەکداریدا بەدی ناکرێت و بە کردەوە دەبێتە گەمەیەک لە مەیدانی ڕژیمدا. جگە لەوەش مەترسی کەوتنەناو بازنەی توندوتیژی دەتوانێت ببێتە هۆی تێچوویەکی گەورەی ماددی و مرۆیی و دەروونی، کە ئەوەش لەگەڵ ستراتێژی بزووتنەوەی جەماوەریی بەمەبەستی کۆکردنەوە و بەهێزکردنیان یەک ناگرێتەوە. خەباتی جەماوەریی بە شێوازی جۆراوجۆر دەتوانێت زیاتر لە خەباتی چەکداریی پشتیوانی زۆرینەی ئەو خەڵکەی کە تا ئێستا بەم شۆڕشەوە پەیوەست نەبوون بەرەولای خۆی ڕابکێشێت. ستراتێژێکی لەم شێوەیە نیشانەی پاسیڤ یان لاوازی بزووتنەوەکە نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە نیشانەی هێزە، هێزێکی گەورە و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی کە هیچ هێزێک ناتوانێت بەرامبەری بوەستێتەوە. بەگشتی حکومەتەکان و لەوانە کۆماری ئیسلامیش لە ترسی گەشەکردن و بەردەوامیی بزووتنەوەیەکی لەو شێوەیە دەکەونە پەلەقاژە و بەکردەوە هەوڵی سەرکوتکردن و بەلاڕێدابردنی دەدەن. لە ئاخیزی جەماوەری کە بە « بەهاری عربیێ « ناسرا، بەروونی ئەم هەوڵە بە دی دەکرا کە پارێزەرانی نەزم و سیتمی کۆن لە هەمو لاییکەوە بۆ بەلاڕێ دا بردنی خەباتی جەماوەری ، کەوتنە بیری ئەوەی کە شەری ناوخویی ساز بکەن و وایشیان کرد. کە وابو ئەتوانین بێژین ئەگەر حکومەتەکان لە ئاست خۆڕاگریی چەکدارانە خاوەن ئەزموونن و خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئامادە کردووە و هەول ئەدەن خەباتی جەماەری بەو ئاقارادا بەرن، بەڵام ناتوانن لەگەڵ هێزێکی وەها گشتگیری جەماەری لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەست و پەنجە نەرم بکەن. ئەمە ئەو مەیدانەیە کە خەباتی جەماەرییە دەتوانێ پێ بگرێ و بە هێز بێ ، هەربویە سیاست و ستراتێژ لە بزوتنەوەیکی کۆمەلایەتی دا دەبێ لە پیناو بە هێز کردنی خەباتی جەماەری دا دابریژێ. ئەزموونی شۆڕشە جەماوەریەکان بەڵگەن بۆ ئەم ڕاستییە.

گرنگترین ئامانجە ستراتێژییەکانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی، بە تایبەت لەم قۆناغەی ئێستادا، دەبێ بریتی بێت لە پێکهێنانی هاوسەنگی هێز لە ڕێگەی ئامادەکردنی زۆرینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بۆ پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەکە. لە هەلومەرجی بابەتیی ئەمڕۆی ئێراندا، گەیشتن بەو ئامانجانە کارێکی زۆر ئەستەمە. هەرچەندە پێویستی ڕزگاربوون لە چەوساندنەوە و نایەکسانی دەمێکە لە زێهنی زۆرینەی کۆمەڵگادا بوونی هەیە و ڕاپرسییەکان دەریدەخەن کە ئەمڕۆ زیاتر لە ٨٠٪ خەڵکی ئێران لە دەسەڵاتی ئیسلامی بێزارن، بەڵام ئەم جەماوەرە بەرفراوانە هەموویان بە یەک ئاراستەی سیاسیدا بەرەوپێش ناچن. کۆمەڵگا هاوشێوەی قەتارێکە کە واگۆنەکانی (بۆ نموونە کرێکاران، ژنان، خوێندکاران، سنفە جۆراوجۆرەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، حیزبەکان و هتد...) بەسەر هێڵی جیا جیادا دەڕۆن و پەیوەست نین بە لوکۆمۆتیڤێکی خاوەن جێمەبەستی دیاریکراو و لەپەیوەندی لەگەڵ هەڵسووڕاوانی پێشڕەو و ڕێبەرایەتییەکەیدا. لە وەها دۆخێکدا ئاڵەنگارییەکانی گەیشتن بە جێمەبەستی کۆتایی و گشتگیرکردنی، دانانی ستراتێژی ژیرانە بە ئامانجی بەستنەوەی بەشێنەیی واگۆنەکان بە لوکۆمۆتیڤەکەوە و بەرەوپێشبردنیان لەسەر یەک هێڵی دیاریکراو بە ئاراستەی ئامانجی بزووتنەوەکە بابەتێکی جددیە. بە گرتنەبەری ئاراستەیەکی لەو چەشنە، واتە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئەم پەیوەندییە، ڕەنگە وردە وردە هاوسەنگی هێز پێک بێت و گوشارەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە حکومەت بەرەو ڕووخان پاڵ پێوەبنێت. لەم ڕوانگەیەشەوە ستراتێژی بەرگری چەکدارانە ناتوانێت هەلومەرجێکی لەو شێوەیە پێک بێنێت و لەگەڵ ویستی ڕێکخستنی حەرەکەتی جەماوەری و بەهێزکردنی بزووتنەوەکە ناتەبایە.


بەڵام ئاڵەنگارییەکی ستراتێژیکی تر بریتییە لە دیاریکردنی گاریگەرترین بژاردە لە دروشمەکاندا. بەشێوەیەکی گشتی دوو بژاردەی سەرەکی بوونی هەیە: دروشمێکی ئەرێنی وەک «ئازادی، بەرابەری» و دروشمێکی نەرێنی وەک «مەرگ بۆ...». ئەزموونی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان لە جیهاندا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دروشمی ئەرێنی بە گشتی کاریگەرترن. لەم حاڵەتەدا دوو ئارگومێنتی لۆژیکی بوونی هەیە، یەکەم: ئەوەی کە ئەم ڕوانگەیە کارامەترین بژاردەیە بۆ ڕاکێشانی زۆرترین کەس لەو بەشەی کۆمەڵگا کە پێیان دەوترێت «زۆرینەی بێدەنگ». ئامانجی دروشمەکان دەبێت بریتی بێت لە هاندان و هەڵخراندنی هەستی ئازادیخوازای و یەکسانیخوازانە لەناو زۆرینەی جەماوەردا، بەڵام لە هەمان کاتدا، دەبێ ترسی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی بزووتنەوەکەدا کەم بکاتەوە. دووەم: ئاراستەیەکی لەم شێوەیە لە دروشمەکاندا شانسی زیاتری هەیە بۆ ڕاکێشانی پلەکانی خوارەوەی دەزگای ئیداری و سەرکوتی حکومەت کە هاوڕان لەگەڵ ئامانجەکانی بزووتنەوەکە و لە لایەکی دیکەشەوە ڕێگا بۆ دروستکردنی کەلێن و ناکۆکی لەناو دام دەزگای سەرکوتدا خۆش دەکات.

ئامانجێکی گرنگی ستراتێژیکی لە قۆناغی یەکەمی بزووتنەوەکە، واتە لەم دەورەیەدا، بریتییە لە بەرزکردەوە و پەرەپێدانی بەردەوامی ئاستی داواکارییەکان و فراوانکردنی بزووتنەوە داواکارییەکان. بەڵام سەبارەت بە فراوانبوونی بزووتنەوەکە، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە زۆرینەی خەڵک لە سەرەتای بزووتنەوەکەدا بە هۆکاری جۆراوجۆر (لەوانە ترس لە سەرکوت و لەدەستدانی هەلی کار و هتد...)، لەوانەیە سەرەڕای هاوسۆز بوویيان بەڵام لە پرۆسەی بزووتنەوەکەدا بەشداری نەکەن، هەروەک چۆن لە بزووتنەوەی ژینادا شەڕ و بەرەوڕووبوونەوەی سەرشەقام و دروشمی نەرێنی هەلومەرجێکی ئەوتۆی پێکهێنا. لە وەها بارودۆخێکدا بەرپرسیارێتی ڕێبەریی بزوتنەوەکە بریتییە لە بەکارهێنانی لیڤەری جیاواز، لەوانە گرتنەبەری شێوازێک لە خەبات و نارەزایەتی کە بتوانێت هەنگاو بەهەنگاو ئیمکانی پەیوەست بوونی زۆرینەی بێدەنگی کۆمەڵگا، یان هەمان توێژی خۆڵەمێشی کە لە بارودۆخی هەنوکە ناڕازین پێک بێنێت.

**دەرئەنجام:** بێ گومان کۆمەڵگای ئێران ڕێگایەکی بۆ گۆڕانکاری دەستپێکردووە. ئەوەی لە سەرەوە بەکورتی باس کرا، بۆ ئەوەبوو بتوانێت پێویستییەکانی بەردەوامبوونی ئەم حەرەکەتە سەرەتایە، لە ڕەهەندە گشتییەکەیدا بخاتەڕوو. هەروەها ویستی بە دەست نیشانکردنی ئەو خاڵانە، وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. بزووتنەوە (کە لێرەدا مەبەست بزووتنەوەی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگایە بۆ بە بەهرەمەند بوون لە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی لە ژیاندا) چ ڕێگایەک دەگرێتەبەر و کەی و چۆن دەرئەنجامەکانی ئەم بزووتنەوەیە دەگاتە لوتکە یان باشترین ئاست؟ چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە گۆڕانکارییەکی جێگیر و بەردەوام لە پێکهاتە سیاسی و ئابوورییەکان بەگوێرەی پێداویستییەکانی ئەم چین و توێژانە بۆ بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی ئینسانی، بەدی دێت؟ بەڕاستی ڕاپەڕینی ئەم دواییە کەی و چۆن بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ئامانجە سەرەکییەکانیدا واتە ئازادی و یەکسانی، لەگەڵ داواکاریی ڕێکخراوە مەدەنی، سنفی و سیاسییەکان لە ناوخۆی وڵات، هەروەها ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان و ئەو ڕەوتانەی دەرەوەی وڵات کە ئامانجی بزووتنەوەکە بە ئاراستەی دابینکردنی ئازادی و یەکسانی و دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی جەماوەریی بەئەرکی خۆیان دەزانن، بەیەکەوە گرێ دەدرێت؟ سێیەم: ئەوەی کە تەنانەت لە حاڵەتی تێپەڕکردنی سەرکەوتووانەی ئەم قۆناغە و دامەزراندنی دەسەڵاتدارێتی جەماوەریی، حاسڵی ئەم دەسەڵاتە لە داهاتوودا چۆن لەگەڵ ئاڵەنگارییەکانی گەشەپێدان لە ئاستی ماکرۆدا، بەتایبەتی لە بواری دابینکردنی عەداڵەتی ئابووری، ئازادییە سیاسییەکان، کێشە ژینگەیی و ئەو نایەکسانییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە داهاتوودا لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبنەوە، دەست و پەنجە نەرم دەکەن؟ بێگومان ئەوەی کە باسکرا لە باشترین حاڵەتدا سەرەتای باسێکی گرنگە کە پێویستە پەیڕەوانی ڕێگای ڕزگاری مرۆڤ لە ستەم و چەوسانەوە، هەوڵ و تێکۆشانی زیاتر بدەن بۆ ڕوونتر کردنەوەی ئەم پرسە و کردنی بە ڕێنوێنی پراکتیکی داهاتوو.

*******

# شێرکۆ بێکەس، ڕەهەندەکانی جوگرافیای وشە و زمان و خەیاڵی بەرینتر کرد



**ئا: سەعید ئەمانی**

**کورتە بابەتێک بە بۆنەی دەهەمین ساڵیادی کۆچی دوایی شاعیری گەورەی کورد" شێرکۆ بێکەس".**

ژان پۆڵ سارتەر ئەڵێ " وشە زۆر لەوە بە زەبرترە کە ئێمە تێیگەیشتووین " لە ئێستادا زمان جۆرێکە لە دەسەڵات. دەسەڵاتێک کە مرۆڤێک دەرئەبڕێت. کە هەست و ویستەکانی مرۆڤێک ئەباتە دەرەوەی خۆی و لە شوێن و کاتە جیاوەزەکانا ئاستێکی بوونی پێئەبەخشێت. زمانی ئاخاوتن بەشێکە لەو دەسەڵاتە و زمانی نووسین بەشێکی گرنگتریەتی. لە نووسیندا، گەڕان بەدوای سێحری وشە و کاریگەریی وشەدا، دەرفەتێکی بێهاوتا بە دۆزینەوەی هەستەکانی زمان ئەدات. لێرەدا شێعر جیاواز لە بەشەکانی تری ئەدەب، شێتانە بەدوای ئەو سێحری وشەیەدا ئەگەڕێت.

شێعر پانتاییەکی بنەڕەتی و ئەزموونگەرییە لە ئەدەبدا. ئەزموونگەریی بەو واتایەی کە لە شێوە و ناوەڕۆکدا بەردەوام لە گۆڕان و جووڵەیەکی بێ ئۆقرەدایە. فۆرمەکانی شێعر وەک ئامێرەکانی موزیک، ئەکرێ جیاواز بن و ئاوازە جیاوازەکانیش بژەنن. شێعر ئەو فەزایەیە کە تەنیا وشە کاری تیا ئەکات. لە شێعرا وشە، ڕیتم و موزیک، وێنە و خەیاڵ، واتا و وێناکردن ئەخولقێنێ. شێعر ئەو کێڵگەیەیە کە لق و چڵ و خونچە و گوڵی نوێ لە تۆوی وشە بەرهەم ئەهێنێ. شێعر مامەڵەکردنە لەگەڵ زماندا و هەڵوێست و پەیوەندی تاکەکەسییە لەگەڵ زمان. ڕاستە کە زمان بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە. زمان بەناچاریی لەناو خەڵکا درووست بووە و یەکێکە لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی گەشەکردنی مرۆڤ. بەڵام زمان هەرگیز ناچێتە ژێر ڕکێفی ئەو پێناسە باوەوە کە ئەڵێ" زمان هۆکارێکە بۆ دیالۆگ و لێکتێگەیشتن". بەڵکوو زمان هەمیشە بارگاوییە بە هەست، بە کولتوور، بە جیهانبینیی مرۆڤ وەک تاک، وەک کۆمەڵگە. شاعیریش بە زمان، بە وشە، نامە لەگەڵ خەڵکا ئەگۆڕێتەوە. زمان تاکە پردێکە لەنێوان خەڵک و شاعیردا. بۆیە تا مەوداکانی پردەکە فراوانتر بێت پەیوەندییەکەش فراوانتر ئەبێ؛ زمان هی خەڵکە و کاتێکیش وشەکان بەنێو کەللەی شاعیردا ڕەت ئەبن، سەر لەنوێ دائەڕێژێنەوە و ڕیز ئەکرێنەوە و شاعیریش لە هەست و هیوا و ویستی خۆی باریان ئەکا و بە کۆمەڵێک واتای جیاوازەوە ئەیاننێرێتەوە ناو خەڵک.

ڕۆڵی شێعر کاتێک ڕوونتر ئەبێتەوە کە خوێنەر لەڕێی چێژ وەرگرتنەوە، مشتێک سۆز و زانین لە پانتایی واتای تاکە وشە و وێنە شێعرییەکان هەڵهێنجێ... ڕەنگە هەندێ جار کتومت ئەو واتایەش نەبێ کە شاعیر ویستوویەتی بیڵێ... ڕەنگە زۆر جاریش ئەوەی کە خوێنەر و بیسەر ئەیدۆزێتەوە گەلێک فراوانتر بێت لەو واتایەش کە شاعیر مەبەستیەتی. ئەکرێ خەیاڵێکی تر وێنا بکات، وێنەیەکی تر بخولقێت. نەک هەر ئەمەش، ئەکرێ خوێنەر کە وێنەیەکی شێعریی یا تاکە وشەیەکی پێ ئەگات، کتوپڕ لەگەڵیا وێنە و واتایەکی پێچەوانەی ئەویشی لا دروست ببێ و ببنە سەرەداوی نیگەرانبوون و خۆدۆزینەوەی لەوحاڵەتەدا؛ ئەمەش لەڕێی واتای بەرفراوانی تاکە وشەکانەوە دێتە دی. چونکە شێعر وەک شێوازێکی دەربڕین بریتییە لە واتا و ڕەهەندەکانی وشە. کات وشوێنیش لە شێعردا بێسنوورێکی ڕێژەیین، ئەم بێسنووری و ڕێژەییەش ناوەڕۆکە شێعرییەکە لە بازنەی تاکەکەس و کۆمەڵگەیەک ئەبەنە دەرەوە و ئەیکەنە پرسی سەرجەم مرۆڤایەتی لە ڕووبەرە فراوانەکەیدا.

ورد زورث، شاعیری ناسراوی بەریتانی ئەڵێ: "شاعیر لەڕێی سۆز و زانینەوە، یەکگرتنێکی پتەو لەنێوان هەموو لایەنەکانی ئەم ئیمپراتورییەتە فراوانەی کۆمەڵگەی مرۆڤدا پێک ئەهێنێ" ئەمەش پەیامێکی مەزنی شێعرە، بێ سنووری و نەمریی شێعر لە بەیەک ناساندنی پرس و خەونە مرۆڤایەتییەکاندایە، لە ئاشکراکردنی واقیعێکە بە واقیعەکانی تر، لە بەستنەوەی کات و شوێنە جۆراوجۆرەکاندایە بە یەکترەوە. کە واتە شاعیر وەک بەرناردشۆ ئەڵێ" هەر هاوولاتیی ناو سنوورەکەی خۆی نییە، بەڵکوو میراتگری تەواوی سەرزەوییە". بێگومان ئاشکرایە کە هیچ زمانێک ناتوانێ بەتەنیا هەموو کێشە و خەیاڵە مرۆڤایەتییەکان بەرجەستە بکا.

ئەو زمانەی شاعیرێکش پێی ئەدوێ هەرچۆنێک بێت هەڵگری واقیعە کۆمەڵایەتی و سرووشتییەکەی خۆیی و باکگراوندە کلتووری و ڕۆشنبیرییەکەیەتی. ئەوەی کە سنوورەکان ئەبڕێ تاکە وشەکانی شاعیر نین، بەڵکوو دۆخ و وێنە و واتا شێعرییەکەیە، ئەو ئەفسوونەیە کە لە پەنای تاکەوشەکانەوە سنوورەکان ڕەت ئەکاتەوە. ئەو خەیاڵەیە کە خودی زمان تەسکە بە باڵای.

ڕەفیق غەفوور ئەڵێ:" من لە مێردمنالیمەوە کە بە شێرکۆ بێکەس خۆی و شێعرەکانی ئاشنام، ئاوا ئەوم خوێندۆتەوە. من لە شێرکۆوە تەنیا وشە و واتا سادەکانی وشە فێرنەبووم و چێژیان پێ نەبەخشیوم، بەڵکوو وشەکانم وەک پەنجەرەیەک بینیون کە ئەڕوانن بەسەر پانتاییەکی بەرینی خەون و تێرامانی ئاوێتە بە هەست و چێژ و خەم و نیگەرانی." سەعدی یۆسف" شاعیری هەرە گەورەی عەرەب ئەڵێ:" دەروشاوە بژی، قەسیدەیەک دابێنە و تێپەڕە، زەوی فراوانترکە". شێرکۆ بێکەس وایکرد، ڕەهەندەکانی جوگرافیای وشە و زمان و خەیاڵی بەرینتر کرد. ئەو وشەکانی نەکردنە ناو فەرهەنگەوە، بەڵکوو لە فەرهەنگ دەریهێنان و ئازادی کردن، تا بەردەوام لە شوێن و ساتە جیاوازەکانا بەرهەمهێنی خەیاڵ و واتا و وێناکردنی جیاوازبن. من لێرەوە سەرنج ئەدەمە لەبەرچاو ونبوونی فیزیکیی شێرکۆ بێکەس. ئەو بە تەنیا شێعرنووس نەبوو. کەسێتی شێرکۆ کەسێتییەکی شاعیرانە بوو. من نائاگا ئەوم لە تەنیاییدا بینیوە کە بەدەم خوێندنەوەی شێعری خۆیەوە گریاوە.

حەسیب قەرەداخی لە شێعرێکا ئەڵێ: " خەڵکی ئەڵێن، گریان، فرمێسک، دیارە بۆ پیاو نەهاتووە من تا ئێستا ئەو دروشمەم بە گیانی خۆم نەسپاردووە". شێرکۆ بێکەس زوو بەجێیهێشتین. ئەو لێوانلێو بوو لە قسەی نەوتراو، پڕپڕ بوو لە خەونی بەدینەهاتوو. بەڵام وەک نالی ئەڵێ:" هەرچەندە کە عومری خدر و جامی جەمت بوو، چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو". هەڵبەت مردن کێشەیەکی بنەڕەتیی مرۆڤایەتییە، بەو پێیە بوونیش کێشەیەکی بنەڕەتییەتی، ڕەنگە زۆر جار مردن بوونێکی تر بێت، هەربۆیە ئێستا شێرکۆ بێکەس لە بوونێکی تردا لەگەڵ ئێمەدایە. ئەو بەردەوام بە دەنگ و ڕەنگی جیاواز لە ناو وشەکانیدا بوونی هەیە. کەواتە خاڵی دەستپێکردن بوونە، ژیانە، نەک مردن. شێعریش گۆرانییەکە بۆ ژیان.. بۆ چرکەیەک لە چرکەکانی بوون. تەنانەت لەوپەڕی نائومێدیشدا هەر بەژیانەوە بەستراوە و گۆرانیی ساتە هەرە تاریکەکانی بوونە.

ئەم شاعیرە مەزنە تێکەڵاوی لەگەڵ گەنجان و قەڵەمە نوێیەکاندا هەبووە و هەمیشە لە دانیشتنەکاندا گەنجەکان بەتامەزرۆییەوە بەدیار وشە و هەڵوێستەکانییەوە ڕاماون، یەکێک لەو ناوەندانەی ئەم شاعیرە سەردانی دەکرد و لەگەڵ گەنجەکان کۆدەبوویەوە ناوەندی غەزەلنووس بووە.

دانا ئیسماعیل گەنجێکی ئەم ناوەندیە و هاوکات خوێنەری شێعرەکانی ئەم شاعیرەیە ئاماژەی بەوەکرد: لەکاتی هاتنی ئەم شاعیرە مەزنە بۆ ئێمە ڕۆژێکی تایبەت بوو قسە و گفتوگۆ دەکراو زۆر لەسەرخۆ و هێمن گوێی لە گەنجان دەگرت و جار جار شێعری بۆ دەخوێندینەوە.

ئەم گەنجە ئەڵێ تائێستاش قەڵەم و تەپڵەکی جگەرە و ئەو کاغەزانەی بەکاری دەهێنا وەک یادگاری لەلای خۆی پاراستووە.

هەڵۆ شێرکۆبێکەسی کوڕیشی سەبارەت بە تێکەڵاوبوونی ئەم شاعیرە لەگەڵ گەنجان دەڵێت:

هەمیشە هەستم بەوە کردووە باوکم پشتگیری تەواو لە گەنجان دەکات نەک لەبواری نوسیندا بە تەنها، بەڵکوو لەبواری سیاسیشدا هەمیشە لە پشت داواکاری گەنجان و بیر و بۆچونیانەوە بووە و قسەی تایبەتی لەسەر کردوون بۆ پێشخستنی بەهرە و توانا و داواکاریان، بۆیە من گەنجان وەک ڕۆحێکی سپی لە شێرکۆوە دەبینم .

****

( بەشێک لە قەسیدەی"ڕەنگ" و دوان لەگەڵ مەرگدا:

....

ئەی ڕەنگی مەرگ!

لە وێستگەیەکی خامۆشدا
چاوەڕێم بە!

خۆت و پەپوولە ڕەشەکان

خۆت و کزە و ورتە ورتی بێ
هودەیی پاییزێك و

خشە خشی گەڵاڕێزان.
چاوەڕێم بە

خۆت و چرایەکی کز و
هەوایەکی بێتاقەت و

بیرەوەری درەختێکی تاق
و تەنیا و دنیایەکی بێ
نا و نیشا ن .

ئەگەمە لات. من چی دێنم
لەگەڵ خۆمدا

جگە لە قژە سەرێك و دوو
شێعری جوان.

من چیم پێیە لەگەڵ خۆمدا
بۆت بهێنم

جگە لە سووتووی نیشتمان.

لەودیو حەساری تەمەوە
چاوەڕێم بە

لەناو مندا ژیان گەیشتۆتە
قەترە قەترەی دوایی و

لەناو مندا وا ڕەنگی بێ
ڕەنگی تەمەن

لە بازنەی بۆشاییدا هەر خول
ئەخوات!.

لەودیو پەردەی ڕەنگەکان و
دەنگەکان و

لەودیو پەردەی بینینەوە
چاوەڕێم بە!.

کە بردمت (با) یەك بێنە
هەڵمبگرێ

پڕبێ لە خەونی باران و پڕبێ
لە خەونی دارستان

شەوێك بێنە ڕازاوە بێت و بەو
جریوەی

برینانەی، کە کوژران و بەڵام
دەنگیان

لێوە نەهات.

کە بردمت بەناو دەربەندێکدا
بمبە

کە پانە ڕێی بچێتەوە سەر
وڵاتی جادووی شێعر و

ناو ئەفسانەی سپی زستان

ئەی ڕەنگی مەرگ!

******

پێشــــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
:Add
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

پێشڕەو

دەورەی دووهەم- ژمارە٤٣٣-نیوەی دووهەم گەلاوێژ ١٤٠٢

# درێژەی وتوویژی هاوڕێ برایم عەلیزادە ....



**ئایدیا دیپلۆماتیک:** ڕاگەیاندنی چوارەمتان پێوەندی هەیە بە بابەتێك لەژێر ناوی یەکخستنی گوتاری چەپ لە کوردستان. باستان لە بەڕێوەچوونی کۆنفرانسێك کردووە، کاری ئەو کۆنفرانسە بەکوێ گەیشتووە تا چ ڕادەیەك دەوری هەبووە لە نزیککردنەوەی هێزە چەپەکان؟ چەندە چاوەڕوانییەکانی ئێوەی دابینکردووە؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئەو هەوڵانەتان لەسەردەمی شۆڕشی ژینادا بەڕیوە چووە، تا چ ڕادەیەك خزمەت بە ئامانجی ئەو شۆڕشە دەکات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەو هەوڵانەی ئێمە لەسەر واقعییەتێك بینا کراوە. ئەو واقعییەتە ئەوەیە کە لانیکەم لە ساڵی ١٩٧٩ واتە لە شۆڕشی دژ بە ڕژیمی پاشایەتی بەولاوە ڕێکخراوی چەپ و سۆسیالیست لە کوردستاندا چالاکییان هەبووە و پێگەی کۆمەڵایەتیشیان بەدەستهێناوە. ساڵانی دواتر ئەو ڕەوتە ئەساسەن خۆی لە چالاکی کۆمەڵەدا بینیوەتەوە. بەڵام بە درێژایی ئەو ساڵانە بە هۆکاری جۆراوجۆر ئەو ڕەوتە لەڕووی ڕێکخراوەییەوە تووشی دابڕان بووە و بە هەزاران چالاکی سۆسیالیست تەنانەت بەبێ ئەوەی پێوەندی ڕیکخراوەییان بە ئێمەوە مابێت، خۆیان بە پەروەردەی ئەو مەکتەبە دەزانن. ئێمە لامان وایە ئەوەندەی کە جەماوەرێکی بەرین لە کوردستان خۆیان بە عەدالەتخواز و یەکسانیخواز دەزانن ئەوندەی کە چەپ لە کوردستان پێگەی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەوەندە بە ڕێکخراو نەبووە. پەیڕەوانی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە چەپە بە پلەی یەکەم لە ناوەوەی وڵاتن. بۆ نموونە ئارشیوەکانی ئێمە نیشانی دەدات کە تا ساڵی ٢٠٠٠ی زاینی زیاتر لە ١٥هەزار پێشمەرگەی کۆمەڵە چەکیان داناوە و گەڕاونەتەوە ناوەوەی وڵات، بەشی هەرە زۆری ئەمانە هەرئێستاش هەواداری ئەو ڕێبازە ماونەتەوە، تەنانەت کۆماری ئیسلامیش هەر وایان حیساب بۆ دەکات، موراقەبەیان لەسەرە، دەکەونە زیندان، ئازاد دەبن، ئەو کێشمەکێشە بەردەوامە و چەند هەزار کەسیشیان بە وڵاتانی جۆراوجۆری دونیادا وەکوو پەنابەر بڵاو بوونەتەوە. شۆڕشی ژینا جموجۆڵێکی لەناو ئەو تێکۆشەرانەدا پێکهێنا و کەش و هەوایەکی وای خوڵقاند کە بە ئێمەی دەوت وەها حەرەکەتێك دەتوانێ بە نەتیجە بگات. پێش شۆڕشی ژینا ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو. لە ماوەی ئەو شۆڕشەدا بە هەزاران لەو تێکۆشەرانە لە ناوەوەی وڵات کەوتنەڕێ و دەزانین کە حەماسەی شکۆداریشیان خوڵقاند. لە دەرەوی وڵاتیش زۆرێك لەو کەسانەی کە لەم ساڵانەی دوواییدا چالاکییەکی ئەوتۆیان نەبوو هاتنەوە مەیدان.

ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە ئەو هێزە لە پرژ و بڵاوی بێتە دەرێ و سەرەنجام لە شێوازی بەرەییەکدا لەدەوری یەك کۆببنەوە کە ئێمەش ئەندامێکی ئەو بەرەیە بین.

لە کۆنفرانسی یەکەمدا بەوە گەیشتین کە ئەو هەوڵانە بە تایبەت لەسەر بەستێنی شۆڕشی ژینا دەتوانێت بە ئاکام بگات. کارکردن لەسەر ئەو بابەتە و دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بە عەقڵی جەمعی لە دەرەوەی وڵات مومکینە. هەر بۆیە کۆمەڵەی ئێمە دوای کۆنگرەی ١٨ هەوڵیدا بۆ ئەو کارە دەستپێشخەری بکات. تا ئێستا دوو کۆنفرانس بە بەشداری ١٥٠ تا ٢٠٠ کەس لە هەڵسووراوانی چەپ بەڕێوە چووە. کۆمەڵەش کۆمسیۆنێکی چەند کەسیی لەلایەن خۆیەوە دیاریکردووە و لەو کۆنفرانسانەدا بەشدار بوون. بە تێر و تەسەلی لەسەر بابەتەکە قسە و باسکراوە. کۆنفرانسی دووهەم ٩ کەس لە ئەندامانی خۆی دیاریکرد کە لەسەر بنەمای باسەکانی ئەو دوو کۆبونەوەیە، مەنشوور یان پلاتفۆرمی سیاسی واتە بەرنامەی ئەو بەرەیە ئامادە بکەن. ئێستا ئەو بەرنامەیە ئامادە کراوە و ئێمە لە تەداروکی بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی سێهەم داین کە تێیدا لانیکەم ئامانجی سیاسی ئەم وەحدەتە دیاری بکرێ و ئەگەریش بتوانین بە کردوەش ئەو بەرەیە پێك بێنین یان لانیکەم هەنگاوی کرداری زۆرتر بۆ پێکهێنانی هەڵبگرین.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** جگە لە کەسایەتییەکان ڕێکخراوە سیاسییە چەپەکان بەشدار نەبوون، ئێوە بانگتان نەکردبوون، یان خۆیان نەهاتبوون؟ بۆ نموونە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، یان حیکمەتیستەکان، گرووپی کاك سەلاح مازوجی کە لە ئێوە جیابوونەتەوە، ئەوانە هیچکامیان بەشدار نەبوون، ئەوانە لە کوێی ئەو پرۆژەیەی ئێوەدان؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بۆچوونەکەی ئێمە بەپێی ئەوەی کە لە کۆنگرەی ١٨ بڕیارمان لەسەر دابوو، هیچ کەسایەتی و یا ڕێکخراوێکی کە ئەو زەرفییەتانەی تێدا هەبێت، پەراوێز نەخستبوو. زەرووڕەتەکە بە شێوەیەکی گشتی هاتبووە گۆڕێ. هەندێک لەوانە نەك هەر بەدەم ئەم سیاسەت و بۆچوونەی ئێمەوە نەهاتن بەڵکوو هەوڵیاندا بەدیلی بۆ دروست بکەن. کە بە بڕوای من سەرکەوتوو نەبوو. هەرچی بووە بەجێگەی خۆی لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەو پرۆژەی ئێمە هەموو ئەو هێزانەی کە خۆیان بە چەپ و سۆسیالیست دەزانن، سەرەڕای کێشە و ناکۆکییەکانیان، لەناو ئەو بەرەیەدا جێگەیان دەبێتەوە.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیش دەتوانێ بەشێك لەو بەرەیە بێت ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەو مەرجەی کە دیاری دەکرێ قەبووڵی مەنشوور یان پلاتفۆرمی سیاسی ئەو بەرەیەیە. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بەهۆی ئەو ڕێبازە ڕاستڕەوانەی کە هەیەتی، کە تازەترین نموونەی لە پێوەستبوون بە مەنشووری جۆرج تاوندا دیتمان، ئێستا ناتوانێ بەشێك لەو بەرەیە بێت. لە داهاتوودا چ دەبێت نازانم.

ئایدیا دیپلۆماتیك: ئەو پرۆژەی ئێوە بۆ چەپی کوردستانە یان چەپی ئێرانیشی تێدا دەبێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەو پرۆژەیە بۆ ڕێکخستنەوەی چەپی کوردستانە. دیارە بۆ چەپی ئێرانیش هەوڵدان هەیە بەڵام نەبووە بە ڕێکارێکی دیاریکراو. کۆنفرانسی ئەخیری هێزە چەپەکان لە شاری کۆڵنی ئاڵمان هەنگاوێکی باش بوو لەو زەمینیەدا.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** بە دوای شۆڕشی ژینا ئێوە لەگەڵ شاخەی سەرەکی ڕاهی کاریگەر هاوپەیمانییکتان پێکهێنا و چەندین ڕاگەیاندنی هاوبەشتان بڵاو کردووەتەوە، ئەو کارە چەندە دەتوانێت بەسوود بێت بۆ ئەو بەرەی چەپ و رادیکاڵەی کە ئێوە لە ئاستی ئێراندا مە بە ستتا نە ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بە هەر ڕادەیەك کە هێزە چەپەکان لە یەك نزیك ببنەوە کارێکی باشە و بە هەر ڕادەیەك لە یەك دوور کەونەوە بە زەرەرە. ئەوەی ئێمە و ڕاهی کاریگەر حەرەکەتێکی بچووکە لەو پێناوەدا. ئێستا ٦ گرووپی ئێرانی چەپ لە هاوپەیمانییەکدا لە دەوری یەك کۆبوونەتەوە، ئێمە ئەوەشمان پێ باشە. لە کۆنفرانسی شاری کۆڵندا کە پێشتر باسکرا، ئەوانیش بەشدار بوون. تەنانەت ئێمە ئەوەی کە ئەو گروپەی کە ساڵ و نیوێك لەمەوبەر لە ئێمە جیابونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان بە ناڕەوا ڕێك هەر ئەو ناوەی ئێمەیان لەسەر خۆیان داناوە، نەمانکرد بە بەربەست لەسەر ڕێگەی بەڕێوەچوونی ئەو کۆنفرانسە.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** هیچ هەوڵێکتانداوە بۆ ئەوەی ئەو گرووپە بگەڕێنەوە ناو ئێوە یا ئەوان خویان هیچ مەیلێکیان نیشان نەداوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێستا هیچ نیشانەیەك لەوە نابینین. بەڵام گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران و ناوچەکە دەتوانن زۆر کاریگەری بەرچاویان لەسەر ئەوجۆرە ناکۆکی و دابڕانانە هەبێت. هەر وەکوو باسم کرد بۆ نموونە کە شۆڕشی ژینا چەند مانگ پێشتر ڕوویدابا، ئەو دابڕانە لەناو ئێمەدا نەدەبوو.

**ئایدیا دیلۆماتیک:** پرسیارێکم هەیە لە دەرەوەی ئەو باسە. تا ئێتسا لە لایەن دۆستان و دڵسۆزانی ئێوە لە باشووری کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتیش، پێشنیاری ئەوە کراوە کە ناوەندێك یان شوڕایەك لە هەموو حیزبە سیاسییە چالاکەکانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات پێك بێنن، کە بزوتنەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی جیهانیدا نوێنەرایەتی بکات و لە هەمانکاتدا یارمەتیدەر بێت بۆ هاوئاهەنگی و هاوکاری لە ناوەوەی وڵات. ئێوە و حیزبەکانی دیکەش بە هەزاران کەستان لە دەرەوەی وڵان هەیە بۆچی هەوڵ نادەن بۆ نموونە وەکوو ك. ن. ك. پارلمانێك لە دەرەوەی وڵات بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکەن؟ ڕێگر چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە بۆ ئەو ئاستە لە هاوکاری لە دەرەوەی وڵات موافقین و ڕێگرییەکمان نییە. لەو ڕاگەیاندنەشدا کە ئێوە پێشتر ئاماژەتان پێکرد، ڕێگە بۆ ئەوجۆرە هاوکارییانە لە دەرەوەی وڵات کراوەتەوە. ئەوە دەتوانێ سەرەتایەکی باش بێت بۆ ئەو هاوکارایانە لە هەموو ئاستێکدا لە دەرەوەی وڵات.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** تۆ بۆخۆت لەگەڵ دروستکردنی پارلمانێك بۆ کوردی ڕۆژهەڵات لە تاراوگە هەی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ناتوانم بڵێم کە ئەوە حەتمەن شکڵێکی گونجاو دەبێ بۆ هاوکاری، بەڵام جێگەی بیرکردنەوەیە و هەر وەکوو وتم ڕێگە بۆ هاوکاری لە دەرەوەی وڵات لە هەموو ئاستێکدا کراوەیە. با ئەوەش بڵێم هەرچی دەی کەین دەبێ ناوی واقعی خۆی لەسەربێ و شتێکی فۆرماڵ نەبێ. وەکوو کورد وتەنی: کاڵا لە قەدەر باڵا بێت. ئەوە لایەنەکانی دیکەن کە نای سەلمێنن، یان لانیکەم دەتوانم بڵێم بۆ ئێمەی ناسەلمێنن.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** ئەوەندەی من بزانم لە وڵام بەو بۆچوونەی ئێوەدا لەسەر هاوکاری هێزە سیاسییەکانی کوردستان، حیزبی دێموکرات و یان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ وەڵامیان بۆ ئێوە ئەوەیە کە ئەوەتا ئێمە ناوەندێکمان هەیە بەناو ناوەندی هاوکاری، کۆمەڵە بۆ نایەتە ئەو ناوەندەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە ناتوانین پێش ڕێککەوتن لەسەر چەند خاڵێکی ستراتژیك کە نەخشە ڕێگای سەرکەوتنە بچینە ناو هاوپەیمانییەکی پایەدار لەگەڵ ئەو حیزبانە، دەتوانین لەسەر هەندێک پرس هاوکاری بکەین بەڵام پێکهێنانی هاوپەیمانی بەبێ سەلماندنی ئەوانە، مانای ئەوەیە کە هەر لە هەنگاوی یەکەمدا تۆوی هەڵوەشاندنەوەیت چاندووە. بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەستەکەم با چەند نموونەیەکتان بۆ بێنمەوە کە بەداخەوە هەموویان ڕوویانداوە. گفتوگۆ لەگەڵ ڕژیم، ئێمە لەو قۆناغەدا دژی ئەوە بووین بچینە ناو پرۆسەی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژیم و پێمانوابوو پیلانە و بە تەواویی بە قازانجی ڕژیم تەواو دەبێت، هەرواش بوو ئەوان چوون و کردیان. با زۆر دوور نەڕۆین ئەوەی باڵێکی ناوەند بەبێ ڕەزامەندی ئەوی تر چووەتە ناو هاوپەیمانی لەگەڵ کوڕی شا، ناوەندی بردووتە بەردەم هەڵوەشانەوە. یان لە کاتی خۆیدا ئێمە موافقی سیاسەتێك کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی ڕاسان لەسەر خەباتی چەکداری دایڕشتبوو نەبووین. ئەوانە هەمووی بابەتی ستراتژیکی ئەساسین. لەسەر چەند خاڵی بەرنامەیی ڕێککەوتن ئاسانە، چونکە ئەوانە قەرزن بۆ داهاتوو، ئەوەی نەغدە و ئێستا مانای کرداریی خێرای هەیە ئەوانەن کە باسم کردن. ئەوجۆرە دژوازییانە دەتوانێ هەموو جۆرە ناوەندێك هەڵوەشێنێتەوە و ئەوە خۆی دەبێتە ڕێگر لە شکڵپێدان بە هەر چەشنە کارێکی ڕەسەن لە داهاتوودا. ئێمە لە خاڵی یەکەمی بریارنامەکەماندا وتوومانە: کردنەوەی دەرگای دیالۆگی هاوبەش، دیالۆگ لەسەر ئەو بابەتانە ناکۆکییەکان ڕوونتر دەکاتەوە و ئەگەر ئیمکانێکیش هەبێ بۆ ڕێککەوتن هەر لەو ڕێگەیەوە دەستەبەر دەبێت. لە جەرگەی شۆڕشی ژینا ئومێدەوارییەکی لەم بابەتەوە دروستکرد، هەر بۆیە ئێمە بڕیارنامەکەی خۆمان جارێکی دیکە و بۆ بارودۆخی تازە بڵاو کردەوە.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** هەڵوێستی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە مەنشووری جۆرج تاون چۆن هەڵدەسەنگێنن، کە کاك خالید عەزیزی وتەبێژی حیزب وتی ناچینە ناو ئەو هاوکارییەوە و دژیشی نابین؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لام وایە هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لەو بارەوە ناڕوون و موحافەزەکارانە بوو. بە تایبەت کە ئەو مەنشوورە خۆی لە خۆیدا بۆ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران زۆر زەرەرمەند بوو. لەمەڕ پرسی سیاسی هەستیاری لەو چەشنە دەبێ هەڵوێستەکان ڕوون بن و بە زمانێك قسە بکەی کە خەڵك لێت تێبگەن.

ئایدیا دیپلۆماتیك: وابڕیارە لە مانگی حوزەیرانی داهاتوو کۆنفرانسێك لە برۆکسێل بگیرێ و وابزانم ئێوە و هێندێك هێزی سیاسی تریش بەشدار دەبن، ئەو کۆنفرانسە چەندە دەتوانێ گوتاری حیزبەکان لە یەك نزیك بکاتەوە و چەندە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی خۆتان لە دەرەوە باشتر بناسێنن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوە هەوڵێکە لەلایەن چەند فراکسیۆنی ناو پارلمانی ئورووپاوە کە سەرجەم بە ڕەوتی چەپ لە پارڵمانی ئورووپا ناسراون. مەبەست ئەوەیە کە ئیمکانێك فەراهەم بێت کە ڕێبەرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە کۆبونەوەیەکی کراوەدا سەبارەت بە پرسە گرینگەکانی ئەمڕۆی ئێران و کوردستان ڕا و بۆچوونی خۆیان دەرببڕن و ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. هێوادارم ئامانجەکانی خۆی بپێکێ و لە پاڵ ئەوەشدا سەهۆڵبەندانی نێوان هەندێك لەو لایەنانەی کە تەنانەت دیالۆگیش نییە لە بەینیاندا بتاوێنێتەوە و کەندوکۆسپە لاوەکییەکان نەهێڵێت.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** بڕیارە کە ٢٣ و ٢٤ی مانگی تەمووز لە شاری لۆزان لە وڵاتی سویس کۆنفرانسی یادی ١٠٠ ساڵەی لۆزان کە لەسەر دەستی زلهێزەکان خەونی پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی لەبار برد، بەڕێوە بچێ، وادیارە ئێوەش لەو کۆنفرانسەدا بەشدار دەبن. ئێوە ئەو سەد ساڵە چۆن دەبینن و ئایا ئیمکانی ئەوە هەیە زلهێزەکان قەرەبووی ئەو غەدرە بکەنەوە کە ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە خەڵکی کوردیان کرد؟

درێژە لە لاپەڕەی ٧

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە کوشتنی کۆڵبەران لە کوردستان

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ١٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٢، هێزەکانی سەرسنوور لە نەوسوود تەقەیان لە کۆمەڵێک کۆڵبەر کرد و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێک بە ناوی ئاسۆ کەریمی گوللەیەک بەر سەری دەکوێ و دوای نزیکەی ١٩ کاتژمێر تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە و هەروەها هەشت کۆڵبەری تریش بەسەختی بریندار بوون. بەگوێرەی زانیارییەکانی کۆڵبەرنیوز، ناسنامەی حەوت کەسی تر لە بریندارەکان پشتراست کراوەتەوە کە بریتین لە: ئیحسان ڕەسووڵی، سەلام وەیسی، میلاد بازانی، ئومێد وەیسی، نیما ئەعزەمی، هۆشیار بازانی و فەرشاد. کۆڵبەرە بریندارەکان بەمەبەستی چارەسەر گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی قودس لە شاری پاوە و باری تەندروستی چەند کەسێکیان خراپ ڕاگەیەندراوە.

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا دەیان کۆڵبەر لە ورمێ تا ئۆرامانات لەپێناو بەدەستهێنانی پاروەوە نانێک بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان بە تەقەی بە ئەنقەست و ڕاستەوخۆی مرۆڤکوژانی کۆماری ئیسلامی ئێران کوژراو و بریندار بوون. بەداخەوە ئاماری ئەم جەنایەتە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە. بە شێوەیەکی مامناوەند ساڵانە سەد کەس لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی مەمرە و مەژی بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئیسلامی لە ناوچە سنوورییەکان گیانیان لەدەستداوە و چەند هێندەی ئەم ژمارەیەش بریندار و کەمئەندام بوون.

ڕەهەندەکانی هەژاری و بێبەشی و بێکاری لە کوردستان ئەوەندە بەربڵاون کە تەنانەت ئەو مەترسییە ئاشکرایانەش کە هەموو ساتێک هەڕەشەن بۆسەر گیان و ماڵی ئەو زەحمەتکێشانە، ڕێگر نین بۆ پەنابردنەبەر کۆڵبەری. کۆڵبەری کار و پیشە نییە، بەڵکوو بەربەرییەت و کۆیلایەتییە کە لەلایەن حکوومەتی ئیسلامی ئێران و بازرگانە چاوچنۆکەکانی ئازار و مەرگ و کارەساتەوە بەسەریاندا سەپێنراوە، کۆڵبەری دەرئەنجامی هەڵاواردنی سیستماتیکی حکوومەتی ئیسلامییە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان. کۆڵبەری ململانێیە لە نێوان کرێکارانی کۆڵبەر و دەسەڵاتداران و سروشتدا بۆ مانەوە. ململانێیەک کە کۆڵبەران ناچار دەکات بۆ دابینکردنی ژیان و بەدەستهێنانی پاروە نانێک لەگەڵ مەترسییەکانی دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم، مینە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق، کەوتنەخوارەوە لە بەرزاییەکان، لەگەڵ بەفر و زریان و گەرما و هەڵگرتنی باری قورس دەست و پەنجە نەرم بکەن. بۆچی دەبێت خەڵک ناچار بکرێن کارە سەخت و نائەمنەکانی وەک کۆڵبەری قبووڵ بکەن؟ بۆچی لە کوردستان کار و پیشەی گونجاو و پێویست نییە بۆ ئەوەی کرێکاران ناچار نەبن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانێکی مەمرە و مەژی بۆخۆیان و بنەماڵەکانیان لەژێر ڕەهێڵەی گوللە و تێپەڕبوون بە ڕێگای ئاستەنگ و بەسەر کێڵگەکانی مین و بە گەرما و سەرمای تاقەت پرووکێن، کەلوپەلەکان بەکۆڵ بۆ ئەم دیو و ئەودیوی سنوورەکان بگوازنەوە؟

بە بەشێکی کەم لە بودجە و تێچووی سەرکوت و تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران، دەکرێت هەلی کارێکی پارێزراو و گونجاو بۆ کۆڵبەران دابین بکرێت و کارەساتی سەدەی بیست و یەک لە کوردستان کە بریتی بێت لە کۆڵبەری، بۆ هەمیشە کۆتایی پێبهێنرێت. دابینکردنی کار یان بیمەی بێکاری پێویستییەکی هەنووکەیی خەڵکی زەحمەتکێشە لە هەموو ئێران و بە کوردستانیشەوە. بەڵام تا ئەو کاتەی کە خەڵکی بێکار ناچاربن مل بەوجۆرە کارە مەترسیدارانە بدەن، پێویستە ڕێژیم ناچار بکرێت دەست لە ڕێگری و کوشتنیان هەڵبگرێت.

کۆمەڵە وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆی بۆ بنەماڵەی کۆڵبەری گیانبەختکردوو «ئاسۆ کەریمی» و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارانی ئەو جەنایەتە ئاشکرایە، کردەوەی جەنایەتکارانەی کوشتاری کۆڵبەران لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە بە توندی ئیدانە دەکات و لە هەمانکاتدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دانیشتوانی شارە سنوورییەکانی کوردستان، دەنگی نارەزایەتی و بێزاری خۆیان بەرامبەر بە تاوانەکانی ڕێژیم بەرز بکەنەوە و ڕێگە نەدەن ڕێژیمی ئیسلامی چیتر ئەو زەحمەتکێشانەی کە بەناچاری و بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی ژیانیان پەنا دەبەنەبەر ئەم کارە مەترسیدارە، بەمشێوە دڕندانەیە بکاتە قوربانی.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی
حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
١٧ی گەلاوێژی ١٤٠٢

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی مەریوان

چەند ڕۆژە ئاگرێکی مەترسیدار دارستان و لەوەڕگەکانی مەریوان و ئاواییەکانی ئەوێهەنگ، ساڵیان و ڕەشنەش ی داگرتووە. ئەمە یەکەم جار نییە کە وەها کارەساتێکی ژینگەیی لەم ناوچەیەدا ڕوو ئەدات. مانگێک لەوەبەر بوو کە هێرشی سپای پاسداران بۆسەر ناوچەی کۆساڵان لە نزیک مەریوان سەروەت و سامانی سروشتی ناوچەکەی بە گەرووی ئاگردا کرد. لە چەند ساڵی ڕابردودا گەلێک جار بینیومانە کە مانۆڕە نیزامییەکانی سپای پاسداران چی بەسەر سروشتی جوانی ئەو ناوچەیە هێناوە. ئەم جارەش گەلێک بەڵگە و شاهید باس لە دەور و نەخشی ڕاستەوخۆی ڕژیم لە بەدیهێنانی ئەم کارەساتەدا دەکەن. جەماوەرێکی بەرین لە خەڵکی خۆبەخشی ناوچەکە، و تەنانەت لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە لەوانە لە پاوە، سەقز، بانە و سنە بۆ یارمەتیدان بە کوژاندنەوەی ئاگرەکە خۆیان گەیاندووەتە ناوچەکە.

جێی ئاماژەیە کە چەند ڕۆژ لەوەپێش لە کاتی کۆنترۆڵ کردنی ئاگری دەوروبەری" کانی میران" لە ناوچەی مەریوان حەوت چالاکی خۆبەخشی ژینگەپارێز بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بوون. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ناوەندەکانی حکومەتی ئیسلامی نە تەنیا هیچ هەوڵێکیان بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە نەدا، بەڵکوو ژمارەیەکیش لە هەڵسوڕاوانی پارێزەری ژینگەیان بە ناوەکانی ئازاد ڕۆحی، لایەق محەممەدی، دلێر محەممەدی، سەرکوت عیبادی و ئالان ئەردەشیرییان دەستبەسەر کرد.

ئەنجومەنی" چیای سەوزی مەریوان" لە ڕاگەیەندراوێکدا کە ڕۆژی شەممە بڵاوی کردوە ڕایگەیاندووە:" هەوڵسوڕاوانی خۆبەخشی ژینگەپارێز چەند شەو و ڕۆژە نەخەوتوون و بە کۆمەڵێک ئامێر و کەرەسەی سەرەتایی خەریکی کوژاندنەوەی ئاگرن."هەروەها لە درێژەدا هاتووە:" بە داخەوە ناوەندە حکومەتییەکان گرنگی بەو زیانانە نادەن کە بەر ژینگەکە کەوتووە."

خەڵکی کوردستان خاوەنی ئەزموونێکی بەنرخن لە خۆ ڕێکخستن بۆ بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمجۆرە کارەساتانە. ئەزموونی خۆڕێکخستن لە بارودۆخە دژوارەکان، لە کاتی بەڵا سروشتییەکان، کارەساتە ژینگەیی و ئینسانییەکاندا بەردی بناغەی بەرەوپێشچوونەکانی داهاتووی خەڵکی کوردستانە بۆ گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی باشتر و سەربەرزانە. خەڵکی کوردستان ئەم جارەش چاوەڕێی ناوەندە حکومەتییەکان ناکەن و وەک ئەوەی کە تا ئەمڕۆ شاهیدی بووین و بینیومانە، قۆڵی هیممەتی لێ هەڵدەماڵن و بۆ ڕزگارکردنی ژینگەی کوردستان خۆیان لە ئاو و ئاگر ئەدەن.

کۆمەڵە بەگەرمی پشتیوانی لە سەرجەم ئەو هەوڵانە دەکات و لە هەمانکاتدا کرداری وێرانکارانەی ڕژیمی داگیرکەری کوردستان بۆ لەناوبردنی ژینگەی ئەم ناوچەیە بە بیانووی بێ بنەمای" ئەمنییەتی" بە توندی مەحکوم دەکات. تەنیا خەباتی بەردەوام، ڕێکخراو و خاوەن بەرنامەیە کە ئەم ڕژیمە ناچار دەکات دەست لە وێرانکردنی بەردەوامی ژینگەی کوردستان هەڵگبرێت.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
١٥ی گەلاوێژی ١٤٠١

## درێژەی وتووێژ....

**ئیبراهیم عەلیزادە:** جارێ پێش لەوەی باس لەسەر پەیمانی لۆزان و ئەو کۆنفرانسە بکەین با وڵامی ئەوە بدەمەوە کە بەبڕوای من هیچ نیشانەیەك لەوە نابیندرێ کە بە هیچ شێوەیەك زلهێزەکان بە تەمای ئەوە بن قەرەبووی پەیمانی لۆزان بکەنەوە، بەڵکوو بە پیچەوانەوە هەروا پێداگری دەکەن لەسەر مانەوەی ئەو سنوورانەی کە بەپێی ئەو پەیمانە دیاریکراوە. بەڵام سەبارەت بە سەد ساڵەی دوای پەیمانی لۆزان بە کورتی پێموایە: پەیمانی لۆزان لە درێژەی پەیمانە ئیستعماریەکانی سایکس- پیکۆ، پاریس، سان ڕیمۆ و سێڤەر داڕێژرا. ئەو پەیمانە ئیستعماریانە هەر کامەیان ئاڵقەی زنجیرێك بوون کە لە دەست و پێی گەلانی ئەو ناوچەیەیان هاڵاند و بۆ ماوەی سەد ساڵ کارەسات لە دوای کارەساتیان لێکەوتەوە. لە ئاکامی ئەو پەیمانانەدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بە قەیراناوی ترین شوێنی سەر گۆی زەوی. ئەو قەیرانانەی کە تا بە ئەمڕۆش کۆمەڵانی خەڵکی ئەو ناوچەیە بە دەستییەوە دەناڵێنن.

لە ئاکامی ئەو دابەشکردنە و پێکهێنانی دەوڵەتەکان و دیاریکردنی سنوورەکاندا، ئەو سەرزەمینەی کە خەڵکی کوردزمان تێیدا دەژیان بەسەر سێ وڵاتی تورکیە و سوریە و عێراقدا دابەشکرا. کوردەکانی ئێران لە چوارچێوەی ئەو پەیمانەدا نەبوون. بەمجۆرە بوو کە خەڵکی کورد لەوەی کە ببن بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێبەشکرا. ئەگەرچی ئەو سیاسەتە ئیستعمارییە لە ماوەی سەد ساڵدا گەلێك کارەساتی پڕ ژان و ئازاری بۆ خەڵکی کورد لێکەوتەوە بەڵام سەرئەنجام لەناو جەرگەی ئەو ژان و ئازار و خەبات و خۆڕاگرییەدا، پرۆسەی خەملین و شکڵگرتنی نەتەوەی کوردی، بە سەرئەنجام گەیشت.

ئەگەر ڕەوتی لەدایکبوونی نەتەوەکان لە جیهانی مۆدێڕنی سەرمایەداریدا، پرۆسەی زاڵبوون بەسەر نیزامی دەربەگایەتیدا، پرۆسەی گەشەی ئابووری سەرمایەداری، پێکهاتنی بازاڕی ناوخۆ ، سەرهەڵدانی دێموکراسی لیبراڵی، جمهورییەت و پارڵمان و هتد... بوو، گەلی کورد بۆ بوون بە نەتەوە، نەك هەر لە دەسکەوتەکانی ڕەوتی زاڵبوونی نیزامی سەرمایەداری بەسەر نیزامی فیئۆدالیدا بەهەرەمەند نەبوو، بەڵکوو نەتەوەی کورد لەدایکبونێکی گەلێك پڕ ژان و ئازاریشی تێپەڕ کرد. دەرد و ڕەنجی هاوبەش، سەرهەڵدان و تێکشکان کوردیان کرد بە یەکێك لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان چونکە خۆیان خاوەنی پەیامێکی پێشکەوتووی سەردەمی شۆڕشی بۆرژوازی نەبوون، بە درێژایی ئەو سەد ساڵە نەیانتوانی خەڵکی کورد لەناو نەتەوەی باڵادەستدا بتوێننەوە، سنورەکانیان نەك لە ڕووی توانایی ئابووری و بازاڕی ناوخۆ، بەڵکوو بەپێی سیاسەت و بەرژەوندی ئیستعمارگەران دیاریکرا. ئەگەرچی چەند سەرهەڵدان و موقاوەمەتی چەکداری بەرانبەر بە داگیرکەران ڕوویدا، بەڵام ئەو خۆڕاگرییەش بە هێچ گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو، وەك ئەوەی کە بۆ نموونە دژ بە نیزامی فیئۆدالی بێت پشت ئەستوور نەبوو. هەربۆیە نەیاندەتوانی بەردەوام بن، تێکدەشکان و کارەساتی دڵتەزێنیان بە شوێنەوە دەبوو. خەبات و خۆڕاگریی هاوکات لەگەڵ قوربانی بوون و مەزلومییەت سەرئەنجام کوردیشی کرد بە نەتەوەیەك، بەبێ ئەوەی خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، بەبێ ئەوەی خاوەنی ئابورییەکی پێشکەوتووی سەرمایەداری بێت.

کۆنفرانسی لۆزان هەم لە ڕووی سیاسییەوە و هەم لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە دەتوانێت ڕووداوێکی گرنگ بێت. لە ڕووی سیاسییەوە دەتوانێ نوێنەرایەتی ئیرادەی نەتەوەیەك بکات کە دوای سەد ساڵ هەروا لەسەر مافی ڕەوای دیاریکردنی چارەنووسی خۆی سوورە و تەسلیمی ئیرادەی داگیرکەران نەبووە و نابێت. لە ڕووی یاساییەوە و بەپێی ئەو نیزامنامەییەی کە لە پێوەندی دەوڵەتاندا ئیشی پێدەکرا داوای هەڵوەشانەوەی بەتەواوی ئە پەیمانە بکات. دەزانین کە ئەو داوایە بە جێگەیەك ناگات، بەڵام دەتوانێت پەیامێکی بەهێز بێت بۆ بیروڕای گشتی لە جیهاندا.

*******

**ماڵپەڕە حیزبیەکان**

**حیزبی کۆمۆنیست:**

www.cpiran.net

**کۆمەڵە:**

www.komalah.org

**پەیام ماڵپەڕی سیاسی هەواڵنێری:**

www.payaam.net

**یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو:**

www.yadihawrean.com

Instagram:

@Komalamedia

Facebook:

@Komalamedia

Telegram:

@Komalamedianetwork

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 433- August 2023
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

## کۆڵبەری، پەڵەیەکی ڕەشە بە ناوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە



کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ ڕاگەیاندراوێکی سەبارەت بە دوایین حاڵەتی تەقەکردنی مەئمووڕانی ڕێژیم لە کۆڵبەران بڵاوکردەوە، لەم ڕاگەیاندنەدا هاتووە: ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ١٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٢، هێزەکانی سەرسنوور لە نەوسوود تەقەیان لە کۆمەڵێک کۆڵبەر کرد و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێک بە ناوی ئاسۆ کەریمی گیانی لەدەستدەدات و ٧ کۆڵبەری تریش بەسەختی بریندار بوون. بەداخەوە ئاماری ئەم جەنایەتە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە. بە شێوەیەکی مامناوەند ساڵانە سەد کەس لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی مەمرە و مەژی بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئیسلامی لە ناوچە سنوورییەکان گیانیان لەدەستداوە و چەند هێندەی ئەم ژمارەیەش بریندار و کەمئەندام بوون.

بە گوێرەی ئەو ئامارانەی لە کۆڵبەرنیوز لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ی زایینیدا تۆمارکراون، ٦١ کۆڵبەر لە ناوچە سنوورییەکان و ڕێگاکانی نێوان پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان و کرماشان بە هۆکارەکانی وەک تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم، کەوتنەژێر ڕنووە بەفر و سەرمابردوویی، تەقینەوەی مین و کەوتنەخوارەوە لە بەرزاییەکان و هتد□ بریندار بوون و گیانیان لەدەستداوە. کۆڵبەری کار نییە، بەڵام بۆ ئەو مرۆڤە شەریفانەی بۆ نانی شەو موحتاجن و لە پێناو دابینکردنی بژێوی خۆیان و بنەماڵەکانیان لە هیچ مەترسییەک سڵ ناکەنەوە، بە "کار" دادەنرێت. لە شار و گوندە سنوورییەکانی کوردستان، کۆمەڵێکی زۆر لە کرێکارانی بێکار بۆ خۆدەربازکردن لە کارەساتی کۆمەڵایەتی بێکاریی و وێرانکارەکانی، ڕوویان لە کۆڵبەری کردووە و لە ژێر سێبەری مەرگدا بەدوای نانندا دەگەڕێن. لە کوردستان ئامارێکی ورد سەبارەت بە ژمارەی کۆڵبەران بوونی نییە، بەڵام ئامارە نافەرمییەکان باس لە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کۆڵبەر دەکەن.

کاتێک کارەساتی هەژاری و بێکاریی بنەماڵە کرێکارەکان و خەڵکی زەحمەتکێشی خستووەتە ژێر زەخت و گوشاری تاقەت پڕووکێن، هەوڵدان بۆ بۆ زیندوو مانەوە سنوورەکانی تەمەن تێپەڕدەکات. لەناو کۆڵبەراندا تازەلاوانی تەمەن ١٣ ساڵ و پیاوانی سەرووی ٦٠ ساڵ و ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵەش بەرچاو دەکەون. ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی کۆڵبەر کەسانی خوێندەوار و خاوەن شەهادەن کە لەڕیزی لەشکری بێکاراندا ماونەتەوە و تا ئێستا نەیانتوانیوە کارێک بدۆزنەوە. ئەو کۆڵبەرانەی کە ڕوویان لە کاری گواستنەوەی کەلوپەل لە سەر سنوورەکان کردووە، لەڕاستیدا هێزی کاری کرێگرتەی ئەو بازرگان و دەڵاڵە چاوچنۆکانەن کە لە شار و گوندە سنوورییەکان نیشتەجێن، کەلوپەلەکان لە خاڵێکی سنوورییەوە دەنێرن یان وەریدەگرن و بەبێ ئەوەی هیچ مەترسییەکیان لەسەر بێت زۆرترین قازانج دەخەنە گیرفانی خۆیانەوە و حەقدەستێکی زۆر کەم دەدەن بە کۆڵبەرەکان.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساوکردنی جەنایەتەکانی خۆی بەرامبەر بە کۆڵبەرانی زەحمەتکێشی ناوچە سنوورییەکان، ئەوان وەک قاچاخچی و تێکدەری نەزمی ئابووری و تاوانبار دەناسێنێت و بە هێنان و بردنی کەلوپەلێک تۆمەتباریان دەکات کە مافی یاسایی و باجی گومرگەکەیان نەدراوە. دەست و پێوەندەکانی ڕێژیم ئەم کۆڵبەرە زەحمەتکێشانە لە بارودۆخێکدا وەک تاوانبار و تێکدەری نەزمی ئابووری دەناسێنێت کە

هەرکەس بۆ جارێک سەردانی شارە سنوورییەکانی کوردستانی کردبێت، بۆی دەردەکەوێت کە کۆڵبەریی کارێکی نائاسایی و تەنها لەڕووی پێویستی بژێوی ژیانی ڕۆژانەوەیە.

لەو ناوچانە خەڵکی زەحمەتکێش هیچ دەخالەتێکی لەو قاچاخییە ڕێکخراوەدا نییە کە لەلایەن سپای پاسداران و هەندێک دامەزراوەی فەرمی و نیمچە فەرمیی سەر بە سپای پاسدارانەوە ڕێکخراوە و بەڕێوەدەبرێن. لەم ڕۆژانەدا نەک تەنیا خەڵکی کوردستان، بەڵکوو زۆرینەی خەڵکی ئێرانیش، زۆر باش دەزانن کە کۆڵبەران لە هەلومەرجێکدا ڕێگای مەرگ و ڕێگای پڕ مەترسی سەر سنوورەکانیان گرتووەتەبەر بۆ دابینکردنی هەزینەی سەرسوڕهێنەری لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیان، کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەم ڕژێمە جەنایەتکارەدا، هیچ ڕێگەیەکی تریان بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان بۆ نەماوەتەوە.

ئەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەی کە ڕێژیم بەسەر زەحمەتکێشانی سەر سنوورەکانیدا سەپاندووە، بەشێکە لە دەرئەنجامەکانی ئەو سیاسەتە شۆڤێنیستییەی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بە پشتبەستن بە میلیتاریزەکردنی ئەم ناوچەیە و پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەرکوتگەرانە و ئەمنییەتی کردنی فەزای شارەکان، بەڕێوەی بردووە. هەر ئەم سیاسەتە و پێداگریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەپێدانی، زەمینەی بەردەوامبوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی فەراهەم کردووە. بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی کە هێزە بزوێنەرە سەرەکییەکەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆڵبەرانی کوردستانن، بزووتنەوەیەک کە ئەوجۆرە بێبەشی و بێ مافیانە بە چارەنووسی حەتمی و چارەهەڵنەگری خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان نازانێت و دەیەوێت کۆتایی بەو هەموو مەینەتی و بێبەشی و ستەمکاریانە بهێنێت. بێگومان کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان لەم خەباتە شۆڕشگێڕانە و مافخوازانەدا تەنیا نین و کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشیان کە بەهەمان شێوە لە دەسەڵاتی ئیسلامی بێزارن، لەگەڵدایە.

لە هەلومەرجێکدا کە کوشتنی کۆڵبەران هەروا بەردەوامە، نابێت خەڵکی کوردستان لە ئاست ئەم جەنایەت و ملهوڕییە ئاشکرایەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ بن. جەماوەری خەباتکاری کوردستان کە لەم ساڵانەی دواییدا، بە دەربڕینی توورەیی و نارەزایەتی بەرامبەر بە جەنایەتی هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم لە سنوورەکان، دەربڕینی نارەزایەتی لەدژی بێ مافی ژنان، نارەزایەتی بەرامبەر بە نائەمن بوونی ڕێگاوبانەکان و بێباکیی بەرپرسانی حکوومەت سەبارەت بەم پرسە، لە نارەزایەتی دژ بە سزای لەسێدارەدان و هەروەها ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ژینگەپارێز و سەرەنجام لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی"دا، چەخماخەی ئاخێزێکی سەرتاسەرییان لە ئێراندا لێدا و گەلێک دیمەنی شکۆداریان لە خەبات لە دژی سەرەڕۆیی و ستەمکاریی ڕێژیم نیشانداوە، نابێ لە ئاست کوشتنی کۆلبەراندا بێ هەڵوێست بن. تەنیا بە خەبات و نارەزایەتی یەکگرتووەکانە دەتوانرێت ڕێژیمی ئیسلامی ناچار بکرێت کۆتایی بە دەستدرێژی بۆسەر گیان و ماڵی کۆڵبەران بهێنێت.

******

## لاوانی ئێران، هەم ڕەنج و بێبەشی، هەم خەبات و خۆڕاگریی

ڕۆژی شەممە ١٢ی مانگی ئاگۆست بەرامبەر لەگەڵ ٢١ی مانگی گەلاوێژ ڕۆژی جیهانی لاوانە. ڕۆژی ١٧ی دیسامبری ساڵی ١٩٩٩، کۆبونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی جیهانی لاوان ڕاگەیاند. ئەگەرچی وەها بۆنەیەک تا ئێستا گرێیەکی لە کێشە و گرفتەکانی لاوان بە تایبەت لە وڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەداریی نەکردۆتەوە، بەڵام لانیکەم دەرفەتێکە بۆ ئاوڕدانەوە لە کێشەکانی لاوان لە وڵاتێکی وەک ئێران. ئەمڕۆ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا، بێکاری لە سەروی گشت کێشەکانی دیکەوەیە کە لاوانی دەرچووی زانکۆکان لەگەڵی دەستەویەخەن. لە ڕاستیدا بێکاری لاوان سەرچاوەی هەموو ئەو کێشانەیە کە لاوان و بە تایبەت لاوانی خوێندەواری سەر بە چینە هەژارەکانی کۆمەڵگە لەگەڵی بەرەوڕوون.

کۆمەڵگای ئێران بە شێوەیەکی ڕێژەیی زۆرترینی دانیشتوانەکەی لاوە و هەر بەم پێیەش زۆرترین خەساری کۆمەڵایەتی بە نەسیبی ئەم بەشە لە کۆمەڵگای ئێران دەبێت. سەرەکی ترین گرفتی لاوانی ئێران بێکارییە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بێکاری لە ئێران بوونی لەشکری گەورەی بێکارانی خوێندەواری قۆناغەکانی زانکۆ و دەبیرستانییە. لاوانی تەمەنەکانی نێوان ١٥ بۆ ٣٠ ساڵ یەک لەسەر سێی دانیشتوان و ژمارەیەکی نزیک بە ٣٢ ملیۆن کەس لەخۆی دەگرێت. بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان لەلایەن ڕژیمەوە، ئێستا زیاتر لە ١٣ ملیۆن لە دانیشتوانی ئێران مەدرەکی خوێندنی زانکۆیان هەیە. بێکاری لاوانی خوێندەوار لە ئێران گەیشتۆتە ٥٠ لەسەد. ئەگەر تا دوێنێ بنەماڵەکان پێیان وابوو کە منداڵەکانیان دەنێرنە زانکۆ تا لە داهاتودا دەستیان لە کارێکی باش گیربێت، ئەمڕۆکە دەبینن نە تەنیا ئەم ئامانجەیان دەستەبەر نەبووە بەڵکوو خوێندنی زانکۆشیان بۆتە کێشە و گرفت بۆ دۆزینەوەی کار.

بەڵام بێکاری و پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و لەوانە گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر بە تەواوی بە یەکەوە پەیوەستن. کاتێک ئەو لاوانەی کە بە هەزار هیوا و ئاواتەوە دوای تێپەڕاندنی دەیان گرفت و کۆسپ کە ڕژیم و یان هەژاریی زۆری مادی خستوویەتە سەر ڕێگەیان، سەرئەنجام توانیویانە مەدرەکی خوێندنی دەبیرستان، هونەرستان و یان زانکۆ بە دەست بێنن، ٢ ساڵی تەمەنیشیان لە دەورەی سەربازی بۆ ڕژیمدا تێپەڕ بکەن، دیسانیش هیوایەکیان بە دۆزینەوەی کارێکی گونجاو لەگەڵ مەدرەکەکەیان نییە و خۆیان بە ڕەنج بەخەسار دەزانن. دەبێ حاڵ و ڕۆژی ئەو لاوانەی کە هەربەم هۆکارەی بێکاری و نەبوونی سەرچاوەیەکی داراییی سەربەخۆ، خۆیان وەک سەرباری بنەماڵە دەبینن و تەنانەت توانایی دابینکردنی هەزینەی زەماوەند و پێکهێنانی بنەماڵەشیان نییە، چۆنبێت؟

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لاوان نە لە شادی و شوور و شەوقی سەردەمی لاوێتی بەهرەمەندن و نە ئەو دەرفەتەیان دەبێت تا بەهرە و تواناییەکانیان گەشە پێبدەن. لە ئاوا بارودۆخێکدایە کە دەبینین، زیاتر لە ملیۆنێک لە گیرۆدەبوان بە مادەی هۆشبەر لەژێر تەمەنی ١٨ ساڵیدان و تەمەنی مامناوەندی گیرۆدەبوون لە ئێران دابەزیوە بۆ خوار تەمەنی ١٣ ساڵی. ڕێژەی تێکچوونی باری ڕەوانی، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی، لەنێو لاواندا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.

بەڵام وێنای ژیانی لاوان لە ئێران بەبێ جەخت کردنەوە لەسەر ڕاستییەکی هیوابەخش، کامڵ نابێت. ڕژیمی ئیسلامی پرۆژەی جۆراوجۆری بۆ زاڵبوون بەسەر جەستە و ڕۆحی لاواندا بە کردەوە دەرهێنا، بەڵام گشت ئەو پرۆژانە لە بەرانبەر شەپۆلی حەرەکەتی ڕوو لەپێشی کۆمەڵگا بوونە بڵقی سەرئاو. لەڕاستیدا هەموو سەرمایە گوزارییەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوو لەم بوارەدا بە فیرۆ چوون. لەم ڕووەوە ئەم ڕژیمە بەردەوام خەریکی ئامادەکاری تۆڵە سەندنەوە لەو لاوانە بووە کە لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی لە مەدرەسە، نەیتوانیوە ئەوان بەپێی ئۆلگوی خۆی، کەللە وشک و مل کەچ و بێ ئیرادە بار بێنێت.

لاوانی ئێران ئەگەر بێکارن و ئەگەر لە سەرەتایی ترین دەرفەتەکان بۆ بەهرەمەند بوون لە مافی سروشتی قۆناغی لاویی بێبەشن، بەڵام لە بەرانبەردا، تەسلیمی بارودۆخی هەبوو نەبوون و ڕێگای خەباتیان لە دژی ئەم ڕژیمە گرتۆتەبەر. ئەم ڕاستییە کاتێک ئاشکرا دەبێت کە ئەم لاوانە تا دەرفەتێکیان دەست دەکەوێ بنەماکانی کۆماری ئیسلامی دەخەنە لەرزین. لێرەدا دەبێ لەسەر ئەم ڕاستییەش جەخت بکرێتەوە کە هەرچەند لاوانی ئێران بەهۆی حاکمییەتی ڕژیمێکی کۆنەپەرست و دژی ئازادی، خاوەنی کێشە و گیروگرفتی هاوبەشن، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەربە چین و توێژی جیاوازن، ڕەنج و ئازارەکانیان وەک یەک و یەکسان نییە.

ئاشکرایە کە گرفتی لاوانی سەربە چینی کرێکار لەگەڵ ئەو لاوانەی کە لەژێر چەتری پشتیوانی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندان جیاوازە، بەڵام پەرەسەندنی خەباتی چینی کرێکار بە ژن و پیاو و پیر و لاویەوە و ڕزگار بوونی ئەم چینە لە چنگ ڕژیمی ئیسلامی و لە نیزامی چەوسێنەرانەی ئێستایە کە دەبێتە هۆی ڕزگار بوونی لاوانیش لەو بارودۆخە نامرۆڤانەیەی کە ئەم ڕژیمە بەسەریدا سەپاندوون.

ئەو لاوانەی کە بەهرە و تواناییەکانیان لە لایەن ڕژیمێکی کۆنەپەرەستەوە کوێر بووەتەوە، ئەو لاوانەی کە باشترین ساڵەکانی تەمەنیان لە مەدرەسە و دەبیرستان و زانکۆ لەژێر گوشاری ئاموزشی دژە زانستی و کۆنەپەرستانەدا تێپەڕیوە، ئەو لاوانەی کە تەنانەت ئازادی پۆشینیان لێ زەوت کراوە، ئەو کچانەی کە تەنانەت مافی سەیرکردنی یارییە وەرزشییەکانیان نییە، ئەو لاوانەی کە لەبەر خاتری چکۆلەترین نارەزایەتی بە موسیبەت و پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەخرێنە زیندان و ئەشکەنجە دەکرێن، لاوێک کە مافی سەرەتایی پێوەندی لەگەڵ ڕەگەزی جیاوازی لێ زەوت کراوە. ئەم لاوانە بەگشتی و لەگەڵ لاوانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشدا خاوەنی دەرد و ئازاری هاوبەشن و ڕزگاربوونیان لەم دۆخە نامرۆڤانەیە لە ڕێگای هاوپشتی لەگەڵ خەباتی چینی کرێکارەوە دەستەبەر دەبێت.

*******